دیمۆکراسی بۆ ئێران

خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٠
٢١ی نوامبری ٢٠٠١

ژمارە: ٣٢٩
١٠٠ تمەن

## حکوومەتی تالیبان لە بەرەبەری رووخان‌دا

بە دوای هێرشی هەوایی هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر تالیبانو سەرکەوتنی هێزەکانی هاوبەندیی باکوور (ائتلاف شمال) لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەفغانستان داو بە تایبەت پاش ئەوەی هێزە نەیارەکانی تالیبان چوونە نێو شاری کابولەوە، هاوسەنگیی هێزەکانو هەلومەرجی سیاسی لە ئەفغانستان لەپڕو لە ئاستێکی بەرین دا ئاڵوگۆری بە سەرداهات. هێزەکانی تالیبان کە چاوەڕوان دەکرا بە سەرنجدان بە نزیکبوونەوەی وەرزی زستانو دژواربوونی شەڕ لە گەڵیان، بتوانن زیاتر خۆراگرن، کەچی ناچارکران بە پەلەپڕووزێو سەرلێشێواوی پاشەکشە بکەنو خۆیان لە شوێنە شاخاویو ئەستەمەکانو لە نێو ئەشکەوتەکان دا بشارنەوەو هەر لەو کاتەدا لەو پشتیوانییەی لە لایەن هێندێک دەوڵەتیشەوە لێیان دەکرا، بێبەش بوونو لە ئاکام دا خەریکە بە تەواوی لە بەریەک هەڵ دەوەشێن.

بە نزیکبوونەوەی تێک شکانی بەتەواویی تالیبان، مەیلی هێندێک لە وڵاتە رۆژئاواییو عەرەبییەکان بۆ هاوکاریی بە کردەوەو ئاشکراتر لەگەڵ ئەمریکا پتر بووە. بریتانیا هێزی زەمینیی ناردۆتە ئەفغانستانو، فەرانسە خەریکە هێز بۆ ئەو وڵاتە بەرێ کاو هەروەها ئۆردۆنیش ئامادەیی خۆی بۆ ناردنی هێز بۆ ئەو وڵاتە راگەیاندوە. لەم بارودۆخەدا پاکستانیش خەریکە مەسەلەی ناردنی هێزی زەمینیی بۆ ئەفغانستان تاوتوێ دەکاو هەروەها وڵاتانی دیکەش لە بوارەکانی دیکەدا ئەو گفتانەی کە بۆ هاوکاریی لەگەڵ ئەمریکادا دابوویان جێبەجێیان دەکەن.
٢

## لە ساڵوەگەڕی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان دا

ع. بەهرامی






ئێستا لە بەرەبەری سێهەمین ساڵوەگەڕی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان داین، ئەو جینایەتانەی کە بوونە هۆی ریسواییو شەرمەزاریی زۆرتری دەسەڵاتدارە دژی گەلیەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. سێ ساڵ لەمەوبەر بەشوێن کوژرانی بێ بەزەییانەی پەروانەو داریووشی فرووهەرو موحەممەد جەعفەر پویەندەو موحەممەد موختاریو مەجیدی شەریف بە هۆی بەکرێگیراوانی وەزارەتی ئیتلاعاتو پەردەلادانی رۆژنامەنووسە ئازاو بوێرەکانی وڵاتەکەمان لە سەر ئەو جینایەتانە، خەڵکی ئێرانو جیهان لە یەکێک لە زنجیرە جینایەتە دژی ئینسانیو سامناکەکانی دەسەڵاتدارانی رێژیمی ئیسلامی ئاگادار بوونەوە.
٢

## خاتەمیو جارێکی دیکە هێنانە گۆڕی تێزی "وتووێژی شارستانەتییەکان"
٣

## دەیەی گەشە کردنی بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستانی ئێران دا

ع. وریا

بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی فەرهەنگی کە ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێرانو لە نێو کوردەکانی وڵاتی ئێران دا، بەدی دەکرێ، لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی ڕا بەم لایەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردو تاهاتوە پتر پەرەی گرتوە.

ئەو بزووتنەوەیە جگە لەوەی لە باری جوغرافیاییەوە، رۆژبە رۆژ بەرینتر بۆتەوەو بۆ سەرانسەری کوردستانی ئێرانو بۆ هەر شوێنێک کە کوردەکانی ئێرانیان لێ دەژین پەلی هاویشتوە، لەباری بەشداریی توێژەکانی خەڵکیشەوە، بەرینتر بووە. ئەگەر بۆ ماوەی دەیان ساڵ، تەنیا ناوچەیەکی تەسک لە ناوەندی کوردستان (کوردستانی موکریان)، مەکۆو ناوەندی تێکۆشانی فەرهەنگیو چالاکیی ئەدیبان، شاعیران، نووسەرانو رووناکبیرانی خزمەتکاری زمانو ئەدەبیاتو فەرهەنگی کوردی بوو، ئێستا هیچ شارو ناوچەیەکی کوردستانی ئێرانو هیچ کۆمەڵێکی پێکهاتوو لە رووناکبیرانو خوێندەوارانی کورد نابینرێ کە جموجۆڵو هەوڵو تێکۆشانی تەرخانکراو بۆ خزمەتی فولکلور، هونەر، ئەدەبیات،
٥


تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات — ئەڵمان، ئەمریکا، ئوسترالیا — ٧

سیو چوارەمین کۆنگرەی حیزبی سوسیال دیمۆکراتی سوئێد — ٨

ئاگادارییەک لە کومیتەی حیزب لە سوئێد — ٨

هەڵواردنی بەئەنقەستو پەرەپێدانی ناهاوسەنگ — ٩

هەواڵەکانی کوردستان — شنۆ، مەریوان، سەردەشت — ١١


## برووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# حکوومەتی تالیبان لە بەرەبەری رووخان‌دا

درێژەی لاپەڕەی ١

لەم نێوە دا سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بارەی ئەفغانستانەوە کە لە لایەکەوە مەحکووم کردنی تیروریزم و لە لایەکی دیکەوە دژایەتی لە گەل هێرشی ئامریکا بۆ سەر ئەفغانستان بووە، هەروا لێڵ و تەمومژاوییە. ڕێبەرانی ڕێژیم نەیانتوانیوە سیاسەتێکی ڕوونی وا لە بەرامبەر رووداوەکانی ئەفغانستان دا کە بە سەدان کیلومیتر سنووری هاوبەشی لە گەڵ ئێران دا هەیە بگرنەبەر کە لە سەر بنەمای بەرژەوەندە میللییەکانی ئێران داڕێژرابێ. لەم پێوەندییەدا تەنیا بیروڕای خۆیان بە شێوەیەکی گشتی دەربڕیوەو ڕێگاچارەی وایان بۆ ئەفغانستان پێشنیار کردوە کە هیچ کات بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی نێوخۆی ئێران، باوەڕیان پێ نەبووە. جا بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەم بارودۆخەدا نەدەتوانێ لە ژێر ناوی داکۆکی لە ئیسلام وموسلمانان دا پشتیوانیی تالێبان بکا و نە دەسکەوتێکیشی لەو شەڕە دەبێ کە دژایەتیی کردوە.

شکستی تالیبان، خێراتر لەو ماوەیەی کە چاوەڕوان دەکرا لەلایەکەوەو دامەزرانی هێزەکانی هاوبەندیی باکوور لە نێو شاری کابول دا لەلایەکی دیکەوە، مەسەلەی پێویستیی بڕیاردانی خێرا لەسەر پێکهاتەی حکوومەتی داهاتووی ئەفغانستانی زیاتر کردوە. چونکە زاڵبوونی بەتەنیای هێزەکانی هاوبەندیی باکوور بەسەر ئەفغانستان دا بۆ هێندێك لەو دەولەتانەی کە بە هاوپەیمانی ئامریکا دەژمێردرێن‌و لە هاتنە کایەی ئەم بارودۆخە تازەیەی ئەفغانستان دا هەرکام بە جۆرێك نەخشیان هەبووە، گرنگەو ئەمەش بۆتە هۆی پێکهاتنی نیگەرانی یا ناڕەزایەتیی ئەم وڵاتانە.

هەر دەوڵەتێکی داهاتووی ئەفغانستان کە شێوەو پێکهاتەکەی تەنیا بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکانی دەوڵەتانی خاریجی‌و بەبێ گوێدان بە ویستی خەڵکی ئەو وڵاتە دیاری بکرێ، لەوانەیە لە کورتخایەن دا کاریگەریی خۆی هەبێ‌و تەنانەت تارادەیەك ئاسایش‌و هێمنی لە ئەفغانستان دا دابین بکا. بەڵام دەوڵەتێکی ئەوتۆ زۆر زەحمەتە لە درێژخایەن دا بتوانێ پشتیوانیی تێکڕای نەتەوەکان‌و حیزب‌و گرووپەکانی ئەم وڵاتە بۆلای خۆی رابکێشێ. بەتایبەت کە گرووپی تالیبان سەرەڕای ئەو وەزعەی کە تووشی بووە، دوور نیە لە داهاتووش دا بەشێوەی جۆراوجۆر کۆسپ بۆ دەوڵەتی تازە ساز بکاو پەنا بەرێتە بەر کردەوەی تیرۆریستی. یەکیك لە ڕێگا کاریگەرەکانی بەرپەرچدانەوەی ئەگەرێکی لەم چەشنە، بریتییە لە پشتیوانی کردن لە دەوڵەتێك کە هەموو لایەنەکان لە ڕێگای بەشدارکردنی نوێنەرەکانیانەوە بگرێتەوە.

کەوابوو پێویستە هەموو ئەو وڵاتانەی پێوەندییان بەم کێشەیەوە هەیە، هەر لە ئێستاوە بە جۆرێك بۆ چارەسەری کێشەی ئەفغانستان تێبکۆشن کە مەسەلەی داهاتووی ئەم وڵاتەو چارەنووسی خەڵکە شەڕلێدراوو زۆرلێکراوەکەی لە سەرووی بەرژەوەندو دەسکەوتە تایبەتییەکانی خۆیانەوە دابنێن‌و لەجیاتی کارکردن بۆ پەرەپێدانی نفووزی خۆیان لە دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا، لە فکری دابینکردنی داهاتوویەکی گەش بۆ ئەو وڵاتەدا بن‌و بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی‌و هێمنی یارمەتیی بدەن. *

# لە ساڵوەگەڕی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان دا

درێژەی لاپەڕەی ١

پرۆژەی کوشتنی جیابیران‌و رووناکبیرانی ئێران لە پاییزی ١٣٧٧ لە درێژەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم دا ئەمجارەیان لە هەلومەرجێکی دیکەداو بۆ دابین کردنی کۆمەڵە مەبەستێکی دیکە بەرێوە چوو. ئەگەر دام‌و دەزگای سەرکوتی ڕێژیم لە قۆناخەکانی بەر لە جۆزەردانی ٧٦دا بۆ پاراستنی سام‌و شکۆی ڕێژیم پەنای دەبردە بەر سەرکوتی هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکان‌و لایەنگرانیان‌و ئازادیخوازەکانی دیکەی وڵاتەکەمان، لەو قۆناخەدا (دوای جۆزەردانی ٧٦)و لەو هەلومەرجە پێکهاتووەی کە لەودا خەڵکی وڵاتەکەمان زیاتر لە هەر قۆناخێك دژایەتیی ڕێژیمیان دەکرد، دەسەڵاتداران بە مەبەستی گەڕاندەوەی بارودۆخی کۆمەڵ بۆ قۆناخی رابردووو بەگشتی کۆنترۆل کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵك ئەو شێوە سیاسەتەیان درێژە پێ دا.

گومانی تێدا نیە کۆماری ئیسلامی نەك هەر نەیتوانی بەو مەبەستە دیاریکراوەی بگا، بەڵکوو تووشی ریسواییی‌یەکی گەورەش بوو. لەم پێوەندییەدا ئاشکرا بوونی نەخشی بەکرێگیراوانی وەزارەتی ئیتلاعات‌و لە ڕێی ئەوانیشەوە نەخشی بڕیاردەرانەی بەرپرسانی پلە یەکی ڕێژیم لەو جینایەتانەدا، بۆتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەمان بە تایبەت لاوە وریاکان، هەرچی زیاتر تایبەتمەندییەکانی دژی ئینسانی‌و جینایەتکارانەی ڕێژیم بناسن‌و بزانن ئەم ڕێژیمە بەڕێوەبەری کۆمەڵە جینایەتێکی دیکەی لەو شێوەیە بۆ وێنە تیرۆری دوکتور بەختیار، دوکتور سامی، دوکتور قاسملوو هاورێیانی‌و دوکتور سادق شەرەفکەندی‌و یارانی‌و . . . لە دەرەوەی وڵات‌و تیرۆری دەیان کەس لە کەسایەتییە سیاسی‌و رووناکبیرەکان لە نێوخۆی وڵات دا بووە. لە ڕاستی‌دا دەتوانین بڵێین بەئاشکرا بوونی نەخشی بەرپرسانی پلەیەکی ڕێژیم‌و بەکرێگیراوەکانیان لە قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان دا پەروەندەی ڕەشی کردەوە وەحشیانەکانی رابردووی ئەو ڕێژیمە لە لای بیروڕای گشتیی خەڵکی ئازادیخوازی وڵاتەکەمان کرایەوە.

ئەگەر ڕێبەرانی ڕێژیم لە بەرانبەر فشاری بیروڕای گشتیی خەڵکی وریای وڵاتەکەمان دا ناچار دانیان بەوەدانا کە ژمارەیەك لە مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعات لە قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان دا دەستیان هەبووە، بەڵام هەر لەو کاتەدا سیناریۆیەکیان بۆ بەرگرتن لە تێوەگلانی بەرپرسانی پایەبەرزو بەرتەسك کردنەوەی بەرپرسایەتیی قەتڵەکان لە ئاستی ئەفرادی پلە خوارووی وەزارەتی ئیتلاعات دا، ڕێك خست. لە بەڕێوەبردنی ئەو سیناریۆیەدا هەوڵ درا هەموو ئەو سەرەداوانەی بە شێوەیەك نەخشی سەرانی ڕێژیم بە تایبەت ڕێبەرییەکەی لەو جینایەتانەدا دەردەخەن، هەڵ بڕن یا بیانبەنەوە لای ئەفرادی ئاستی خوارەوەی وەزارەتی ئیتلاعات. کوشتنی سەعیدی ئیمامی شاکلیلی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان، گرتنی ژمارەیەك لە مەئموورە خوارووەکان‌و ناساندنیان وەك گەڵاڵە داڕێژو بەڕێوەبەری پرۆژەی قەتڵەکان، هەڕەشە لێ کردن‌و زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووسان‌و رووناکبیران، داخستنی بەکۆمەڵی ڕۆژنامەکان، هێنانەگۆڕی مەسەلەی کۆنفرانسی بیرلین‌و دادگاکانی پێوەندیدار بەوەوەو هەنگاوی دیکەی لەوبابەتە چەند بەشێك بوون لەو سیناریۆیەی کە ڕێژیم هەوڵی دەدا بەکەڵك وەرگرتن لەو، پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی زانیاریی زیاتر سەبارەت بەو ریسواییی‌یە بکا.

ئەکبەری گەنجی نووسەرو ڕۆژنامەنووسی ئازاو لەقاودەر کە بە تۆمەتی شوێن پێ هەڵگرتنی مەسەلەی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان‌و لەقاودانی موحاکەمەو زیندانی کراوە، لەو بارەیەوە دەڵێ: لە چاوپێکەوتنێکم دا کە [لە سەر داوای وەزارەتی ئیتلاعات] ڕۆژی ٢١ی ڕەشەممەی ٧٨ لەگەڵ باقری، جێگری تایبەتیی وەزارەتی ئیتلاعات کردم، ناوبراو هەڕەشەی لێ کردم کە لە شوێن پێ هەڵگرتنی قەتڵەکان دا لە سەعیدی ئیمامی بەرەوژوورترو لە جۆزەردانی ٧٦ بەولاوەتر نەچم. (*)

بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەو کەسانە کێن یا ئەو مەسەلانە چن کە لە سەرووی سەعید ئیمامی‌و لە جۆزەردانی ٧٦ بەولاوە هەڵ کەوتوون؟! لە سەرووی سەعیدی ئیمامی (جێگری ئەو کاتی وەزیری ئیتلاعات) وەزیری ئیتلاعات، "مراجع تقلید"ی ←

حکوومەتی، بەرپرسە پایەبەرزە حکوومەتییەکان، رەفسەنجانی، خامەنەیی‌و خومەینی هەڵکەوتوون‌و لە جۆزەردانی ٧٦ بەولاوەش ئەو جینایەت‌و تاوانە بێ ئەژمارانە هەن کە بە هۆی کەسانی سەرووی سەعیدی ئیمامی‌یەوە بە نهێنی‌و بە فەرمان‌و فتوای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە زیندانەکانی ڕێژیم دا یا لە دەرەوەی وڵات بەهۆی دەست‌و پێوەندەکانی وەزارەتی ئیتلاعات‌و ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی دیکەی ئەو ڕێژیمە بەڕێوە چوون‌و بوونە هۆی لە گەرووداکپ کرانی هەزاران هاواری ئازادیخوازی.

دەتوانین پێکهێنانی بەناو دادگای پیراگەیشتن بە پەروەندەی بەڕێوەبەران‌و دەستووردەرانی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان بە دوایین بەشی سیناریۆی باسکراو‌و هەوڵی داماوانەی ڕێژیم بۆ بەستنی پەروەندەی ئەو جینایەتانە دابنێین. لەو دادگایانەدا ١٨ کەس لە تاوانبارانی پلە خوارووی بەشدار لەو جینایەتانە دا بە بیانووی ئەمنییەتی بوونی پەروەندەکە، دوور لە چاوی خەڵک بەرواڵەت دادگایی کران‌و سزایان بۆ دیاری کرا. سەیر ئەوە بوو کە بنەماڵەی قوربانیانی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان‌و وەکیلەکانیان نەک هەر ڕێگایان نەدرا بچنە ژووری دادگا، بەڵکوو لە نێوەرۆکی پەروەندەی ئەو جینایەتانەش ئاگادار نەکران.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پەروەندەی تاوانبارانی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان لە بیروزەینی خەڵکی هوشیاری وڵاتەکەمان دا هەروا کراوەیە‌و بە کراوەیی دەمێنێ. بەڕێوەبردنی سیناریۆی لەم چەشنە‌و شانۆسازییەکانی دیکەی ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی ناتوانن ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە ڕێبەرانی پلەیەکی ڕێژیم گەڵاڵە داڕێژ‌و دەستووردەری ئەو جینایەتانە‌و جینایەتەکانی دیکەی ئەم ڕێژیمەن. دەبێ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە دادگای خەڵکی ئێران دا سەبارەت بەو تاوانانەی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتییان دا ئەنجامیان داون موحاکەمە بکرێن‌و حوکمی عەدالەت لەبارەیان بەڕێوە بچێ. ئەمەش ئەو خاڵە گرنگەیە کە بنەماڵەی قوربانییەکانیش (لەو بەیاننامە هاوبەشەدا کە بەبۆنەی کۆتایی کاری دادگای تاوانبارانی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان بڵاویان کردووە لەودا دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ئیعدامی ئەو چەند کەسەی بە ئیعدام مەحکووم کرابوون، دەربڕیبوو) پێیان لەسەر داگرتبوو.

لە سێهەمین ساڵرۆژی تێرۆری نەمران پەروانە‌و داریووشی فرووهەر، موحەممەد جەعفەر پوویەندە، موحەممەد موختاری‌و مەجیدی شەریف دا ویڕای ڕێزگرتن لە یاد‌و بیرەوەریی ئەو پۆلە شەهیدەی ڕێگای ئازادیی وڵات‌و هەموو ئەو شەهیدانەی کە لەو ڕێیەدا گیانیان بەخشی، لەسەر بەڵێنی خۆمان بۆ درێژەدانی ڕێگای ئەوان‌و ئەسپاردنی قاتڵەکانیان بە دادگای عەدالەتی خەڵکی ئێران پێ دادەگرینەوە. ❋

(*) "کیهان" چاپی لەندەن، ژمارە ٨٣٣ ـ ٢ی سەرماوەزی ١٣٧٩

# خاتەمی‌و جاریکی دیکە هێنانە گۆڕی "تیزی وتوویژی شارستانەتییەکان"

— زانیار —

لە سەرەتای نیوەی دووهەمی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵدا "سەید محەمەد خاتەمی" سەر کۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بە مەبەستی بەشداری لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا چووە وڵاتی ئەمریکا. خاتەمی لە کۆبوونەوەی ئەم دواییەی کۆڕی گشتی‌دا، بۆ جاریکی دیکە لە سەر وتوویژی شارستانەتییەکان دواو، وەک رابردوو ئەم مەسەلەیەی لە چوارچێوەی وتەو وشە گەلیکی بە رواڵەت جوان‌و رازاوە، بەڵام لە ڕاستی‌دا سادە خەڵەتێنانە هێنایە گۆڕێ.

لە ڕاستی‌دا هێنانە گۆڕی مەسەلەی وتوویژی شارستانەتییەکان لە لایەن خاتەمییەوە، هەر لە سەرەتاوە جۆریک وەڵامدانەوە بەو تیزە بوو، کە لە لایەن "سامۆئیل هانتینگتۆن" ەوە پێشنیار کرابوو، کە لەودا ڕووبەڕوو بوونەوەی شارستانەتیی کۆنفۆسیوسی‌و ئیسلامی لەگەڵ شارستانەتیی ڕۆژئاوا پێش بینی کرابوو.

هەر لە جێدا هاتنە گۆڕی پێشنیاری خاتەمی سەبارەت بە وتوویژی شارستانەتییەکان، کە بە رواڵەت بە مەبەستی کەم کردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکانی جیهان‌و خۆ پاراستن لە ڕووبەڕوو بوونەوە مەترسیدارەکان بووە، ئەگەر بە ڕاستی لە بیرو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتبا دەیتوانی تارادەیەک کاریگەر بێ. بەڵام ئەوەکە بەڕاستی خاتەمی بڕوای بە وتوویژی شارستانەتییەکان هەیە، یان بۆ ئەنجامدان‌و بەرەو پێش بردنی ئەو تیزە کاریکی ئەوتۆی لە دەست دێ، شتێکە کە دەبێ بە گومانەوە چاوی لێ بکرێ. چونکە خاتەمی خۆی لە کتێبی "بێ موج" (بێ شەپۆل) و هەروەها لەکتێبێک دا کە کۆمەلیک لە وتارەکانی ناوبراوی لە خۆ گرتوە، بە راشکاوی دەڵێ کە: "ئیتر شتێک بە ناوی شارستانەتیی ئیسلامی، بوونی خارجیی نیە."بەم پێیە هەر لە سەرەتاوە هێنانە گۆڕی مەسەلەی وتوویژی شارستانەتییەکان لە لایەن خاتەمی‌یەوە بە ناتەواوی لە دایک بووە. چونکە لە ڕاستی‌دا دەبێ شارستانەتییەک هەبێ تا لەگەڵ شارستانەتییەکی دیکەدا بکەوێتە وتوویژ. ئەگەر ناوبراو لە ئێران دا شارستانەتی‌یەکی دیکە شک دەبا، بۆچی خۆ لە ناساندنی دەپارێزێ‌و ئەو مەسەلەیە دادەپۆشێ؟

ئێستا ئەگەر وای دابنێین کە خاتەمی لە بیرو بۆچوونی خۆی سەبارەت بە نەبوونی شارستانەتیی ئیسلامی پاشگەز بۆتەوە، یان بڕوای کەسانی دیکەی لە بارەی هەبوونی شارستانەتیی ئیسلامی‌و ڕوو بەڕوو بوونەوەی لەگەڵ شارستانەتییەکانی دیکەدا لە بەر چاو گرتووە، مەسەلەی وتوویژی شارستانەتییەکانی هێناوەتە گۆڕێ، جا ئەمجار پرسیار ئەوەیەکە ئایا بە ڕاستی مەوقعییەتی خاتەمی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رادەی نێو نەتەوەیی‌دا لەو ئاستەدا هەیە کە بتوانن بۆ بوار پێدان‌و بەرەو پێش چوونی ئەم مەسەلەیە‌و بە دەستهێنانی ئاکامیکی لەبار، هەنگاوی بەکردەوە هەڵێنن.

لە کەس شاراوەنیە کە خاتەمی وەک سەرکۆمار لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا دەسەڵاتیکی ئەوتۆی نیە کە بەکردەوە بتوانێ هێندیک داهێنان لە خۆی نیشان بدا کە لەگەڵ بیرو بۆچوونی ڕێبەری ڕێژیم‌و دام‌و دەزگاکانی بڕیاردەر کە دەسەڵاتیان لە سەرووی دەسەڵاتی خاتەمی‌یەوەیە، یان لانی کەم دەتوانن کۆسپ‌و تەگەرەی کاریگەر بخەنە پێش ئەنجامدانی بڕیارەکانی ناوبراوەوە، لە دژایەتی دابێ. سروشتی‌یە کە ئەم هۆکارانە لە سەر جیددی بوون یان جیددی نەبوونی خاتەمی لەمەر بە دوا دا چوون‌و مسۆگەر کردنی وتوویژی شارستانەتییەکان کاریگەری زۆری هەیە.

لەم پێوەندییەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە تەنیا چەند ڕۆژ پێش سەفەری خاتەمی بۆ ئەمریکا‌و سەر لە نوێ دووپات کردنەوەی تیزی وتوویژی ژیارییەکان، خامەنەیی وەک ڕێبەری ڕێژیم بە ئاگادار بوون لە سەفەری خاتەمی‌و سەر لە نوێ هێنانە گۆڕی وتوویژی شارستانەتییەکان لە لایەن ناوبراوەوە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا، سیمای شارستانەتیی ڕۆژئاوای بەوناوە کە "هیدایەتی ئیلاهی"ی وەلاناوە، دایە بەر هێرش‌و بە تیک شکاو ناوی برد.

←

هەروەها شوورای بەرزی شۆڕشی فەرهەنگییش کە خاتەمی سەرۆکایەتیی دەکا، ئەنتێرنێتی وەك کەرەسەیەك بۆ پێوەندی نێو نەتەوەیی‌و ئاگادار بوون لە جیهانی دەرەوەو ناسینی شارستانەتییە جۆراوجۆرەکان، خستە ئیختیاری دەوڵەتەوەو، قەدەغە بوونی ئانتێنە ماهوارەیی‌یەکان لە لایەن رێژیمەوە پێی لە سەر داگیرایەوەو راگەیەندرا کەسانێك کە ئەو بڕیارە بەڕێوە نەبەن، لێکۆڵینەوەیان لێ دەکرێ‌و سزا دەدرێن.

کە وایە دەبێتە ساویلکەیی‌و خۆش باوەڕی ئەگەر قەبوول بکەین کە خاتەمی بڕوای بە وتووێژی شارستانەتییەکان بەو واتایە کە خەڵکی لێی تێدەگەن هەیە، یان خاتەمی وەك سەرکۆمار دەسەلاتێکی ئەوتۆی لە رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا هەیە کە دەتوانێ تەنانەت لە رادەیەکی کەمتر لە چاوەڕوانییەکانی بیروڕای گشتیی جیهانی‌دا، بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵێنێ.

ئەگەر خاتەمی ئەوە وەزعی خۆیەتی، رێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە نێو بیرو رای گشتیی جیهانی لە پێوەندی لەگەڵ رێزدانان بۆ شارستانەتیی نەتەوەکانی دیکەدا، ئەوەندە خۆشناو نیە کە بتوانێ وەك پێشرەوی وتووێژی شارستانەتییەکان بجوولێتەوە و ولاتانی دیکەش بۆ هێنانە نێو ئەم مەسەلە گرینگە هان بدا.

لە چەند ساڵی رابردوودا و بەتایبەتی لە کاتی هەوەڵین لێدوانی خاتەمی سەبارەت بە وتووێژی شارستانەتییەکان لە کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا تا لێدوانەکانی ئەم دواییەی ناوبراو لە کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، نە تەنیا هیچ هەنگاوێك لە بواری وتووێژی شارستانەتییەکان لە دەرەوەو نێوەوەی ولات دا لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەڵ نەگیراوە، بەڵکوو لە مەسەلە نێو خۆیی‌یەکان دا وەزعەکە زیاتر بەرەو خراپی رۆیشتوەو فشار هێنان بۆ نەیاران‌و جیابیران لە زیاد بوون دا بووە. ئەمە بە کردەوە دەری دەخات کە کۆماری ئیسلامیی ئێران نە تەنیا فەرهەنگی پێویست بۆ پێشڕەو بوون لە بواری وتووێژی شارستانەتییەکانی‌دا نیە، بەڵکوو تەحمولی رەخنەی لە لایەن خۆیی‌و کەمتر خۆیی‌یەکانیشەوە نیە، چ بگا بە وتووێژ لەگەڵ نەیاران.

لەم چەند ساڵەی دوایی‌و تەنانەت لەم چەند مانگەی رابردوودا داخستنی رۆژنامەکان و بلاو کراوە جۆراوجۆرەکان، گرتن‌و زیندانی کردنی نووسەران‌و خاوەن بیروبۆچوونەکان‌و بەرتەسك کردنەوەی ئازادییە تاکە کەسییەکان لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە هەروا بە توندی درێژەی هەیە. شتێك کە لەگەل فەرهەنگی دیالوگ‌و وتووێژو کەمکردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکان، مەودایەکی زۆری هەیە. ئەمە لە کاتێك دایە کە چوار ساڵ لەمەو پێش خاتەمی خۆی لە رۆژی ١٣٧٦/١٠/٦ لە کۆبوونەوەی ئوستاندارەکانی‌ولات دا، لە سەر پێویستیی وتووێژ لەگەل نەیاران لە نێو خۆی ولات دا، وتبووی:

"ئەگەر ئێمە جیهان بۆ دیالۆگ بانگهێشتن دەکەین، دەبێ لە سەرەتادا بتوانین گرفتەکانی خۆمان لە سەر بنەمای وتووێژ چارەسەر بکەین. ئێمە کە ولاتانی ئیسلامی و ولاتانی دیکەی جیهان بۆ وتووێژ بانگهێشتن دەکەین، دەبێ لە سەرەتادا لە نێو خۆمان‌و لەگەڵ خۆمان وتووێژ بکەین‌و بە دیالۆگ مەسەلەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، تا ئەم پەندی پێشینیانە نەمانگرێتەوە کە "کەچەل ئەگەر دوکتور بوایە دەرمانی سەری خۆی دەکرد".

ئەمجارە خاتەمی لە بارودۆخێك دا چووە پشت تریبونی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و سەر لە نوێ لە دیالۆگی شارستانەتییەکان دوا، کە بە راستی ئەو پەندی پێشینیانە بە تەواوی دەیگرێتەوە، چونکە هەوڵەکانی لە پێوەندی لەگەڵ ولاتانی ئیسلامی‌و ولاتانی دیکەی جیهان دا، لە رادەی سیفردا بوون.

وێ دەچێ بە سەرنجدان بەم راستییانە بێ کە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و ولاتانی دیکەی جیهان سەرەڕای ئەوەکە ساڵی ٢٠٠١ی زایینی وەك ساڵی وتووێژی شارستانەتییەکان ناودیر کردوە،ئەم مەسەلەیە کە لە لایەن خاتەمی‌یەوە پێشنیار کراوە، بە جیددی نەگرن. چونکە لەو کاتەوە کە مەسەلەی دیالۆگی ژیارییەکان بۆ هەوەڵین جار لە لایەن خاتەمی‌یەوە لە کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا هاتۆتە گۆڕێ‌و خراوەتە بەر باس، تا ئێستاش کەمترین کاریگەری‌و چووکترین نیشانەیەك لە جیددی بوونی ئەم نیهادە نێونەتەوەیی‌یەو ولاتانی جیهان سەبارەت بە مەسەلەی "وتووێژی شارستانەتییەکان" پێشنیار کراو لە لایەن خاتەمی‌یەوە، نەبینراوە. ئەمەش راست بۆ کەم بڕوایی کۆمەڵگەی جیهانی بە قسەی جوان بەڵام دوور لە کرداری گونجاوی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. بە تایبەتی کە خەڵکی ئێران‌و بیروڕای گشتیی جیهانی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا، شاهیدی زۆر دروشمی جوان‌و هەڵخەلەتێنەری ئەم رێژیمە بوون، کە هەمووی ئەو دروشمانە لە نێوەرۆك بەتاڵ کراون‌و لە رادەی قسەو ئیددیعا تێنەپەریون. ئەوان باش دەزانن کە خەڵکی ولاتەکەمان بۆ وەدیهێنانی دروشمی ئازادی چەندە گیانبازییان لەخۆیان نیشان داو، چۆن بە هۆی خومەینییەوە کە خۆی وەك مزگێنیدەری ئازادی بە خەڵك دەناساند ئاکامی ئەو هەموو هەولانە بوو بە هاتنەسەرکاری دیکتاتۆریی "ولایت مطلقه فقیه". دیکتاتۆرییەکی بێ‌ئەم لاو ئەولا کە لە لایەن رێبەرانی رێژیمەوە ئێستاش وەك ئازادی ناوی لێ‌دەبەن. هەروەها ئاگادارن کە کۆمەڵگای شارستانی (جامعه مدنی)ی ئاغای خاتەمی کە لە داخستنی رۆژنامەکان، شکاندنی قەلەمەکان، سەربرینەکان، لەنیوبردنی فیزیکیی کەسایەتییە سیاسی‌و فەرهەنگییەکانی ولاتەکەمان‌و پەرەپیدانی ئیعتیادو بیکاری‌دا، خۆی دەرخستوە. ئاگاشیان لەوە هەیە کە ریفۆرم یا چاکخوازییەکانی خاتەمی جگە لەوە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ریفورمخوازانی دەرەوەی دەسەڵات بنیردریتە کونجی زیندان‌و تەنانەت ریفۆرمخوازانی نیوخۆی حاکمییەتیش وەلا بنرین، شتیکی دیکەی لی شین نەبۆتەوە. دروشمی "ئیران بۆ هەموو ئیرانییەکان"یش نەتەنیا جیاوازییەکانی سەرچاوەگرتوو لە سیاسەتەکانی ریژیمی لە نیونەبردوە، بەلکوو لە کردەوەدا بۆتە هۆی قوولبوونەوەی هەرچی زیاتری ئەو جیاوازییانە. کەوایە نابێ گومانمان لەوەدا هەبێ "دیالۆگی شارستانەتییەکان"یش کە لە لایەن خاتەمی بەو واتاو وشە جوان‌و هەلخەلەتینانەوە زیاد کراوە، سەرەنجامیکی باشترو لەبارتری لەو چەمکانە دەبێ. هینانەگۆری پیشنیاری جوان‌و هەنگاونان‌و کردەوەی بە پیچەوانەی پیشنیارەکە لە لایەن ریژیمی کۆماری ئیسلامییەوە تەنیا لە چوارچیوەی ئەو نموونانەی سەرەوەدا بەرتەسك نابیتەوە. وردبوونەوە لە لیدوانەکانی ریبەرانی ریژیم سەبارەت بە زۆربەی مەسەلە جۆراوجۆرەکانی جیهان‌و پیشکەش کردنی ریگەی گونجاو بۆچارەسەرکردنیان لە لایەن ریژیمەوە رووبەریکی لەوە بەرینتری بەخۆوە گرتوە. بۆ نموونە لە کاتیك دا ریژیمی کۆماری ئیسلامی بە روالەت خوازیاری چارەسەری عادلانەی مەسەلەی فەلەستینەو خۆی بە لایەنگری مافەکانی خەلکی ستەم لیکراوی فەلەستین دەزانێ، بۆخۆی ←

بەکردەوە لە پێشێل کردنی مافەکانی گەلانی ئێران‌و سەرکوتی توندی ئازادیخوازان لە هیچ کردەوەیەك سڵ ناکاتەوە. ئێستاش کە باس کردن لە مەسەلەی ئەفغانستان‌و حکوومەتی داهاتووی ئەو وڵاتە لە گۆڕێ دایە، رێبەرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی داوای ریفراندۆم بۆ ئەو وڵاتە دەکەن‌و یان پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیئتلافی کە تەواوی لایەنەکانی میللی‌و مەزهەبیی ئەو وڵاتەی تێ دا بێ وەك رێگا چارە پێشنیار دەکەن. ئەمە لە کاتێك دایە کە دەسەڵاتدارانی رێژیم هیچ کات لە نێوخۆی وڵات دا تەنانەت بۆ پێداچوونەوە بە قانوونی ئەساسییش دا ریفراندۆم قبووڵ ناکەن‌و لە حاکمییەتی خۆشیان دا هیچ نەخشێك بۆ گەلانی ئێران‌و پێرەوانی دینەکانی دیکەو تەنانەت پێڕەوانی مەزهەبەکانی دیکەی ئیسلام بە تایبەت سونییەکان لەبەرچاو ناگرن. لە کاتێك دا حەشیمەتی سوننی مەزهەبەکانی ئێران زۆر زیاترە لە حەشیمەتی شیعە مەزهەبەکانی ئەفغانستانە کە لەلایەن رێژیمەوە بایەخێکی تایبەتییان پێ دەدرێ‌و هەوڵی هەبوونی نەخشی زیاتریان لە داهاتووی ئەفغانستان دا بۆ دەدرێ.

بە کورتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هێنانە گۆڕی ئەم چەمك‌و واتا گشتییانە، بەبێ ئەوەی کە بۆ خۆی بەراستی بڕوای پێیان هەبێ، بە شوێن ئەو ئامانجەدا دەگەڕێ کە رواڵەتێکی جیاواز لە نێوەرۆکی واقیعیی خۆی بە بیروڕای گشتیی جیهان نیشان بداو هەوڵ دەدا تا کۆمەڵگەی جیهانی‌و کۆڕوکۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ، هەڵسوکەوت‌و کردەوەکانی ئەم رێژیمە بە پێی پێوانەو پەسند کراوەکانی نێونەتەوەیی هەڵ نەسەنگێنن، بەڵکوو ئەو وەك بەشێك لە فەرهەنگ‌و شارستانەتییەك لە قەڵەم بدەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆی وەك بەشێکی جیانەکراوە لەو دەزانێ کە دەبێ رێزی لێ بگیرێ. *

**بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڕوانە ئەم لاپەڕەیەی ئینتێرنێت:**

http: // WWW. Pdk- iran. 0rg
e- mail: pdkiran @ club-internet. fr

# دەیەی گەشەکردنی بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستانی ئێران دا

*درێژەی لاپەڕەی ١*

زمان، مێژووو بەگشتی فەرهەنگی کوردی تێدا نەبێ. بەو جیاوازییە ئەگەر جاران ژمارەیەکی کەم لەو رووناکبیرە کوردانەی، نووسەر، شاعیر، لێکۆلەر، زمانەوان‌و رۆژنامەنووس بوون، بەوجۆرە جموجۆڵانەوە خەریك بوون، لەو قۆناغەی دوایی‌دا، بەهەزاران کەس لە توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ بە تایبەتی رووناکبیران، خوێندکاران، لاوان‌و ژنان بوارو مەیدانە جیاجیاکانی کارو تێکۆشانی فەرهەنگییان بە مەبەستی خزمەتکردنی فەرهەنگی گەلەکەیان گرتۆتەبەر.

وەك نیشانەی گەشەکردنی بزووتنەوەی فەرهەنگیی کوردەکانی ئێران لەو ساڵانەی دوایی‌دا، دەتوانین زۆر نموونە بێنینەوە. زۆربوونی ژمارەی بڵاوکراوە کوردییەکان لە ئاستی کوردستان‌و ئێران دا یەکێك لەو نموونانەیە. ئەگەر لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا ژمارەی بڵاوکراوە کوردییەکانی چاپی نێوخۆی ئێران، لە دوو سێ گۆڤار تێپەڕی نەدەکرد، لە دەیەی دووهەم‌و بەتایبەتی لە نیوەی دووهەمی ئەو دەیەیەدا چەند حەوتوونامەو چەندین گۆڤاری مانگانەو ناوبەناو سەریان هەڵ دا. ئەو ئاڵوگۆڕو پێشکەوتنە بەرچاوانەش کە لە باری فۆرم‌و نێوەرۆك‌و جۆراوجۆری‌و بوارەکانی دیکەی کاری رۆژنامەنووسییەوە، تێیان دا بەدی دەکرێ، بەڵگەیەکی باشن بۆ گەشە کردنی رۆژنانەنووسیی کوردی لە کوردستانی ئێران وەك یەکێك لە بوار یا بەشەکانی پێکهێنەری بزووتنەوەی فەرهەنگیی ئێستای ئەوێ.

ئەوەش کە کۆڕو کۆبوونەوەو فستیڤالە ئەدەبی‌و هونەرییەکان لەو چەند ساڵەی دوایی‌دا هەم لە باری ژمارەو جۆراوجۆریی بابەت‌و مەبەستەکانیانەوە، زیادیان کردوە، هەم ئاستیان چۆتە سەرو شەخسییەت‌و دەستەو گرووپی فەرهەنگیی زیاتری کوردیان تێدا بەشدار دەبن‌و تەنانەت ئەو شارانەشیان گرتۆتەوە کە پیشتر کۆبوونەوەی لەم چەشنەی کوردانیان بە دەگمەن لی بەریوە دەچوو، یا هەر لەجێ دا شتی وایان بەخۆیانەوە نەدیتبوو، نیشانەیەکی دیکە لە پەرەگرتنی جموجۆلی فەرهەنگی لە کوردستانی ئیران دان.

یەکیك لە دیاردە بەرچاوەکان لە نیو بزووتنەوەی فەرهەنگیی ئیستای کوردستانی ئیران دا کە بەراستی مایەی خۆشحالی‌و جیگای شانازییە، بەشداری‌و "حضور"ی سەرکەوتووانەی هونەرمەندان‌و گرووپە هونەرییەکانی کوردستانی ئیران لە فستیڤالە هونەرییەکان لە ئاستی ئیران، ناوچەو جیهان دایە. لەو چەند سالەی دوایی‌دا زۆر جار دیومانە کە گرووپەکانی شانۆ، موسیقا، هەلپەرکێ‌و گۆرانیبیژان، فیلمسازان‌و نیگارکیشانی کورد، لە ئاستی ئیران‌و ناوچەو تەنانەت دنیادا، پیشوازیی گەرمیان لی کراوەو لە نیو دەیان گرووپ‌و سەدان هونەرمەندی گەلانی دیکەدا، بەشیاوی مەقامی بەرز زانراون، ریز لەخۆیان‌و بەرهەمەکانیان نراوەو خەڵات کراون.

لیرەدا ناکرێ هەموو ئەو دیاردەو نیشانەو نموونانە ناوبەرین کە مزگینیدەرو پیشاندەری گەشەکردنی رۆژبەرۆژ زیاتری بزووتنەوەی فەرهەنگیی کوردەکانی ئیران لەو ساڵانەی دوایی دان. رەنگە پیویستیشمان بەو کارە نەبێ. چونکە بەخۆشییەوە گەشە کردن‌و پیشکەوتنی بزووتنەوەکە لەوە دەرچووە کە کەس حاشای لی بکا. بەڵام جیی خۆیەتی شتیکی دیکە لەو پیوەندییەدا بیننە بەرباس. ئەویش هۆو هۆکارەکانی بەرەوپیشچوونی رەوتی بزووتنەوەی فەرهەنگیی کوردەکانی ئیران لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دان.

هینانە گۆری ئەو باسە بەتایبەتی لەوبارەوە پیویستە کە بەداخەوە هیندیك لە رووناکبیرانی کورد، ئەوانە کە لە لایەن دام‌و دەزگا حکوومەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، ←

سەرپەرستیو بەرێوەبردنی بەشێك لە کاروتێکۆشانی فەرهەنگی لە کوردستانی ئێرانیان پێ سپێردراوە زۆرجار بەشێوەیەکی دوور لەواقیع هۆوهۆکارەکانی گەشەکردنی ئەو بزووتنەوەیە لێك دەدەنەوە. بەبڕوای ئەوان کۆماری ئیسلامی لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا چاوی بە سیاسەتو رەفتاری خۆی لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکی کوردستان دا خشاندۆتەوەو هەوڵی داوە کەمتەرخەمیو بەدبینیی کاربەدەستان بەرامبەر بەو خەڵکە لە دەیەی یەکەم دا، قەرەبوو بکاتەوە. هێندێك لەوان دیاریکرانی کەسێکی وەك رەحیمی بە ئوستانداری ئوستانی کوردستانو دەست نیشانکرانی کەسێك وەك راوێژکاری فەرهەنگی لە لایەن ناوبراوەوەو، بە وتەی ئەوان دەست پێکردنی هاوکاتی کۆمەڵێك پرۆژەو هەنگاو لە بواری ئاوەدانکردنەوەو فەرهەنگی دا لەوکاتەوە، وەك نوختە گۆڕانێكو رێخۆشکەری گەشەکردنی بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستانی ئێران دا ناودەبەن.

لەوەدا کە بەرپرسانو کاربەدەستانی حکوومەتی لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی رێژیمەکەیان دا، بە تایبەتی لە بواری فەرهەنگی دا ناچار بوون بە جۆرێکی دیکە لەگەڵ پێشەنگانو تێکۆشەرانی نێو ئەو بزووتنەوە فەرهەنگییە رەفتار بکەن، هیچ گومانێك نیە. ئەوان بەرەبەرە دەستیان لە زۆر لەو کەندو کۆسپانە هەڵ گرت کە لەسەر رێی تێکۆشانی ئەنجومەنە ئەدەبیو فەرهەنگییەکان پێکیان دێنا. دانی ئیمتیازی دەرکردنی گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردی بە ئەنجومەنو کۆمەڵەو شەخسییەتە سەربەخۆکانی کورد کە "چوو بووە پشتی شێران"، لە نیوەی دووهەمی ئەو دەیە ڕا، تا رادەیەك هاسانکاریی بۆکرا. لە چوارچیوەو سنووریکی دیاریکراودا ریگا بە رووناکبیرانو شەخسییەتە فەرهەنگییەکانی کورد درا، سەردانی کوردستانی عیراق بکەنو لە نزیکەوە لەگەڵ نووسەرانو هونەرمەندانو ناوەندە فەرهەنگییەکانو راگەیەنەگشتییەکانی کوردستانی عیراق دیدارو چاوپیکەوتن بکەن. لەگەڵ ئەوەش دا بە دڵ لە پیکهاتنی زۆر کۆڕو کۆبوونەوەو بڵاوبوونەوەی زۆر بابەتو بەرهەم ـ کە بۆنی "قومیت"و "ناسیونالیزم"و بیزاری لە زۆرداریی مەزهەبیو کۆنەپەرستییان لی دەهات ـ بیزار بوون، بەناچاری ددانیان بەجەرگی خۆیان دا رۆگرتو دژکردەوەی توندیان پیشان نەدا. کاربەدەستانو دامو دەزگا حکوومەتییەکان کە لە هەلومەرجی نویی وڵات دا، نەیان دەتوانی وەك پیشوو، بەدرندەییو زۆرو زۆرداریو سەرکوت پیشی جموجوڵو تیکۆشانی فەرهەنگیی بەربەرینی رووناکبیرانو هونەرمەندانی کورد بگرن، زۆرجار خۆیان لەو جموجۆڵانە گیل دەکردو چاویان لی دەنووقاندن. هیندیك جاریش بە روالەت هاوبەشییان تێ دا دەکردنو پشتیان دەگرتن. ئەویش تەنیا بەو مەبەستە کە تیکۆشانو هەلسوورانە فەرهەنگییەکە بە لارێ دا ببەن یا نەهیلن لە چوارچیوەیەکی دیاریکراو تێ پەڕێو هەر لەو کاتەدا وا نیشان بدەن کە کۆماری ئیسلامی بۆخۆی ریخۆشکەرو هاندەریانە. ئەو شیوە رەفتارو هەلسوکەوتەی کاربەدەستان ئیستاش هەر دریژەی هەیە.

بەڵام ئایا بەراستی ئەو جۆرە هەلسوکەوتەی دامو دەزگا حکوومەتییەکان لەگەڵ بزووتنەوەی فەرهەنگیی کوردستانی ئیران نیشانەی پیکهاتنی گۆرانکاری لە نیوەرۆکی سیاسەتەکانی ئەو ریژیمە بەرامبەر بە خەلکی کوردستان دایە؟ شەریك کە لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتدارەتیی ئەو ریژیمەدا دژی خەلکی کوردستان دەستی پێکردو ئاکامەکەی کوژرانی پەنجا هەزار کەس، شەهیدبوونی چەند هەزار پیشمەرگە، برینداریو نوقوستان بوونی دەیان هەزارکەسی دیکەو پیکهاتنی ویرانی لە چەندین شارو گوند، لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی ئەو ریژیمەدا نەك هەر دریژەی کیشا، بەلکوو لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانی ئیران، لە کوردستانی عیراقو پیتەختو شارەکانی دیکەی وڵاتانی ئورووپایی، تیرۆرو لە نیوبردنی ریبەرانو تیکۆشەرانی کوردی ئیرانیی کردە ئامانجی خۆی. لە سالی یەکەمی ئەو دەیەیەدا (١٣٦٨) ریبەری هەلکەوتووی گەلی کوردو سکرتیری گشتیی حیزبی دیمۆکرات لە وییەن پیتەختی ئوتریش بە دەستی ناردراوانی ریژیمی ئیسلامی کە بە روالەت هاتبوون بە گویرەی روانگەو سیاسەتە تازەکانی نیزام! مەسەلەی کورد چارەسەر بکەن، تیرۆر کرا. سێ ساڵ دواتر هەر بەنەخشەو دەستووری دەسەڵاتدارانیك کە گۆیا سیاسەتو رەفتاریکی تازەیان بەرامبەر بە کوردەکانی ئیران گرتبووە بەر، دوکتور سادق شەرەفکەندی جێنشینی دوکتور قاسملووو سێ کەس لە هاورییانی لە بیرلین تیرۆر کران. هەر لە سالەکانی دەیەی دووهەم دا پێ بە پیی سەرکوتو ئیعدامی تیکۆشەرانی کورد لە نیوخۆی وڵات، تیرۆرو دەرماندراو کردنی ئازادیخوازانی کوردو تەنانەت لەشکرکیشیو بۆمبارانی هەوایی بۆسەر بنکەکەکانی ئەوان لە خاکی کوردستانی عیراق دا دریژەی هەبوو.

خۆ مەسەلەکە هەر ئەوە نیە کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی کورد هیچ ئالوگۆریکی بەسەردا نەهاتوە. ئەگەر رەفتار لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئاشکرای کوردیش لەولا دابنیین، دەبینین لە بارەی ویستو داخوازە سیاسی، نەتەوایەتی، فەرهەنگیو ئابوورییەکانی خەلکەوە، ئالوگۆریك لە سیاسەتی ناسراوی ئەو ریژیمەدا پیك نەهاتوەو هیچ کام لە داخوازە بنەرەتییەکانی قبووڵ نەکردوون. بەریوەبەرانو کاربەدەستانی ئەو ریژیمە هیشتا زۆر مەسەلەو گیروگرفتی وەك داسەپانی کاربەدەستو بەریوەبەرو کارمەندی لاوەکیو فەرقو جیاوازی دانانی نەتەوەییو ئایینیو پیداویستییەکانی رۆژانەی ژیانو گوزەرانی خەلکیان بە هیند نەگرتوەو بە ئەنقەست پشت گوێیان دەخەن. جا کاتیك لەو جۆرە بوارانەدا ئامادەی هەلگرتنی هیچ هەنگاویکی جیددی نەبن، چلۆن حەز لەگەشەکردنی فەرهەنگیی گەلی کورد دەکەنو پیداویستیو دەرەتانی بووژانەوەی زمانو ئەدەبیاتو راگەیشتنی رووناکبیرانی کورد بە خزمەتی میژووو فەرهەنگی خۆیان دابین دەکەن؟ بەتایبەتی کە دەشزانن ئەو گەشەکردنە فەرهەنگییە شوینەواری راستەوخۆی لەسەر هەوڵو خەباتی ئەوان بۆ داوا کردنی مافە نەتەوایەتییەکانیان هەیە.

کەوابوو ئەو "نەرمی نواندن"و "دڵ ئاوەڵایی"یەی کاربەدەستانو دامو دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە جموجۆلی فەرهەنگی لە کوردستانی ئیران دا، نەك لە پیکهاتنی ئالوگۆر لە نیوەرۆكو سیاسەتەکانی ئەو ریژیمە دژی کوردە، بەلکوو لە هیندیك هۆی دیکەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو کۆمەلە ئالوگۆرانەی کوردستانو ئیرانو ناوچە لەو دەیەیەدا بە خۆیانەوە دیوەو شوینەواری کۆمەلیك گۆرانکاریی نیونەتەوەیی لەسەر ئیرانو کوردستان، لەو هۆیانەن کە شوینی راستەوخۆیان لەسەر گۆرانی بەناچاریی رەفتاری ریژیمو گەشەکردنی بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستان دا هەبووە. لە ژمارەی داهاتوودا باس لەو ئالوگۆرانە دەکەین.

***

# تیكۆشان لە دەرەوەی وڵات

## ئەڵمان

### چەند دیدارو چاوپیكەوتنی سیاسیی نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و ئوتریش لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەو ژمارەیەك لە پارلمانتیرانی ئەڵمانی

بەمەبەستی گەشەپێدانو پتەوترکردنی پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ لایەنە سیاسییە ئەڵمانییەکان، چەند دیدار لەگەڵ بەرپرسانی تازە دیاریکراو بۆ کاروباری ئێرانو ڕێکخراوە سیاسییەکان لە لایەن حیزبە ئەڵمانییەکانەوەو خۆناساندن بەوانو ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون لەگەڵ ئەوانو بەتایبەتی ڕوونکردنەوەی هەڵویستو سیاسەتەکانی حیزب سەبارەت بە ڕووداوە جۆراوجۆرەکان، هاوڕێ دوکتور میرۆ عەلیار بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە ئەڵمانو ئوتریش، ڕۆژەکانی ۷و ۸ی نوامبر لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دەرەوەو نوێنەرانی هەر ۵ حیزبی ئەڵمانیی بەشدار لە پارلمانی ئەو وڵاتەدا دانیشتنو چاوپیکەوتنی هەبوو. لەو دیدارانەدا لە سەر ئەو مەسەلانە باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

- وەزعی کوردستانی ئێرانو ئەو مەسەلەیە کە پاش هەڵبژیرانەوەی خاتەمی گۆڕانیکی بنەڕەتی لە وەزعی سیاسیی ئەو بەشەی کوردستان دا پێك نەهاتوە.

- وەزعی گشتیی ئێرانو سیاسەتی ڕێژیم بەرامبەر بە مەسەلەی کورد بەگشتیو، هەڵویستی حیزب لەسەر مەسەلەی وتوویژ بەمەبەستی چارەسەری سیاسیی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران.

- کارەساتی ۱۱ی سێپتامبر لە نیویۆرکو واشینگتۆنو هەروەها هێرشی ئەمریکاو بریتانیا بۆسەر ئەفغانستانو هەڵویستو بۆچوونی حیزبی دیموکرات لەمەڕ ئەو دوو ڕووداوە.

ئەو کەسایەتییانەی هاوڕێ بەڕێز دوکتور میرۆ چاوی پێیان کەوت، بریتی بوون لە:

۱ـ بەڕێز "فۆلکمار وینتسیل" جێگری بەشی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستو ڕۆژئاواو بەرپرسی کاروباری پێوەندیدار بە ئێران لەو بەشەی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمان.

۲ـ بەڕێز خاتوو "ئوتا تسایف" ئەندامی کومیسیۆنی کاروباری دەرەوەی پارلمانی ئەڵمانو بەرپرسی "گرووپی کاری کوردان لە فراکسیۆنی حیزبی سوسیال دیموکراتی ئەڵمان (SPD حیزبی دەسەڵاتدار).

۳ـ بەڕێز "ڕوودۆلف بیندیگ" بەرپرسی "گرووپی پارلمانتێرەکانی ئەڵمان و ئێران"، ئەندامی کومیسیۆنی مافی مرۆڤو یارمەتییە ئینسانییەکان لە پارلمانی ئەڵمانو سەرۆکی "کومیتەی مافی مرۆڤو یارمەتییە ئینسانییەکان لە فراکسیۆنی SPDدا."

٤ـ بەڕێز خاتوو "ریتا گریس هابیر" ئەندامی کومیسیۆنی کاروباری دەرەوەی پارلمانی ئەڵمان و بەرپرسی کاروباری پێوەندیدار بە ئێرانو ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە حیزبی سەوزەکان.

٥ـ بەڕێز "ڕووپ ڕیشت پۆلینتس" ئەندامی "کومیسیۆنی کاروباری دەرەوەی پارلمانی ئەڵمان"و بەرپرسی کاروباری پێوەندیدار بە ئێران لە فراکسیۆنی حیزبی دیموکرات مەسیحیی ئەڵمان (CDU حیزبی گەورەی ئۆپۆزیسیۆن).

٦ـ بەڕێز خاتوو "ئوولا یەلپکێ" ئەندامی کومیسیۆنی کاروباری نیوخۆیی پارلمانی ئەڵمانو بەرپرسی کاروباری پێوەندیدار بە ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە فراکسیۆنی حیزبی سوسیالیزمی دیموکراتیکی ئەڵمان دا (PSD ـ ئۆپۆزیسیۆن).

۷ـ بەڕێز دوکتور "ماکس شتادلەر" ئەندامی "کومیسیۆنی کاروباری نیوخۆیی پارلمانی ئەڵمان" لە فراکسیۆنی حیزبی لیبرالی ئەڵمان (FDP ـ ئۆپۆزیسیۆن).

## ئەمریکا ـ واشینگتۆن

### سمینارێك بۆ باس لەسەر سیاسەتەکانی حیزب لە واشنگتۆن

ڕۆژی ۲۰۰۱/۱۰/۲۱ کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا بە هاوکاریی "کانون دوستداران فرهنگ ایران" سمینارێکی لە دەوروبەری واشینگتۆن پێتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ هاوڕێی بەڕێز کاك خالید عەزیزی ئەندامی ڕێبەریی حیزب و نوێنەری حیزبی دیموکرات لە ئامریکا پێك هێنا.

لەو سمینارەدا کە بە زمانی فارسی بەڕیوەچوو، هاوڕێ کاك خالید عەزیزی لەسەر سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر ئێران و کوردستان و مەسەلەی نەتەوایەتی و هەروەها لەسەر مەسەلەی دیموکراسی و خودموختاری بۆ بەشدارانی سمینارەکە دوا. بەشی دوایی سمینارەکە تەرخان کرابوو بۆ پرسیارو وەڵام کە کاك خالید بە وردی وەڵامی پرسیارەکانی بەشدارانی دایەوە.

لەو سمینارەدا کە لە سەعاتی ۸ی شەو هەتا ۱۰ی شەوی خایاند نیزیك بە ۲۰۰ کوردو ئازەری و عەرەب و فارس بەشدار بوون.

## ئوستڕالیا

### دیدار لەگەڵ سەناتۆر "هاردگریف"

ڕۆژی ۲۰۰۱/۱۱/۱۹ هەیئەتێك لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بریزبین لەگەڵ بەڕیز"گاری هاردگریف" سەناتۆر لە حیزبی لیبراڵ کۆبوونەوە. لە سەرەتای دیدارەکەدا یەکێك لە هاوڕێیانی حیزب بە بۆنەی سەرکەوتنی حیزبی لیبراڵ لە هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییانەی ئوستڕالیادا پیرۆزبایی لە بەڕێز "هارد گریف" کردو گوتی هیوادارین کە لە ژێر بەڕیوەبەریی حیزبی لیبراڵ دا ژیانیکی ئاسوودەو ئارام بۆ خەڵکی ئوستڕالیا دابین بێ‌و دەوڵەتی تازە زیاتر سەرنج بداتە پێشێل کرانی مافی مرۆڤو کێشەی کوردستانی ئێرانو لە ڕێگای خۆیەوە پشتیوانی لە داواکانی گەلی کورد بکا. هەروەها خوازیاری ئەوە بوو کە پێوەندیی حیزبی دیموکراتو دەوڵەتی ئوستڕالیا پتەو بکرێ.

بەڕیز "هاردگریف" ویڕای خۆشحالی لەو چاوپیکەوتنە پێی لە سەر ئەوە داگرت کە هەوڵ دەدا زیاتر کیشەی کورد و پێ شێل کرانی مافی مرۆڤ لە ئێران لە پارلمانی ئوستڕالیادا باس بکا. هەروەها باسی چەند مەسەلەی دیکەو یەك لەوان تیروریزم هاتە گۆڕێ کە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا سەرنجی زۆر کۆڕو کۆمەڵی بۆ لای خۆی ڕاکیشاوە.

لە دەرەوەی وڵات یارمەتییە مالییەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بدەن بەم حیسابە بانکییە:

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

# سی و چوارەمین کۆنگرەی حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوئید

لەسەر بانگهیشتنی رەسمیی حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوئید، هەیئەتیکی نوینەرایەتیی حیزب، پیکهاتوو لە بەریزان خالید عەزیزی نوینەری حیزب لە ئەمریکاو حەسەن قارەمانی نوینەری حیزب لە سوئید، لە کۆنگرەی ئەم حیزبەدا بەشدار بوون. ئەو کۆنگرەیە لە رۆژانی ٥ تا ١١ی نوامبر لە شاری ڤیستڕۆس بەریوە چوو.

لەو کۆنگرەیەدا بە دەیان حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئورووپایی و هەروەها دەیان کەس لە ئەندامانی پارلمانی ئورووپا، حیزبە سۆسیال دیموکراتەکان و دەیان کەسایەتیی دەولەتی و حیزبیی وڵاتانی جیهان بەشدار بوون. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران وەك ئەندامی ئەنتیرناسیۆنالی سۆسیالیست بۆ ئەو کۆنگرەیە بانگهیشتن کرابوو. رۆژی دووشەممە ٥ی نوامبر، رۆژی یەکەمی کۆنگرە بەریز یۆران پەرشۆن، سەرۆك وەزیری سوئید، لە کاتژمیر یەك و پازدە دەقیقە چووە پشتی تریبوونی کۆنگرەو وتاریکی دوورودریژی پیشکەشی بەشدارانی کۆنگرە کرد. لە بەشیکی وتارەکەیدا ئاماژەی بە مەسەلەی مافە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان کردو باسی لەو کەمە نەتەوەیییانە یان ئەو گەلانە کرد کە چ لە ئاستی جیهان و چ لە ئاستی نیوخۆی وڵاتان دا بە بیانووی حاکمییەتی میللی مافە رەواکانیان پیشیل دەکرین. مەسەلەی ئەفغانستان و حکوومەتی تالیبان، مەسەلەی ئاشتیی فەلەستین و ئیسرائیل و پیویستیی کشانەوەی هیزەکانی ئیسرائیل لەسەر خاکی داگیرکراوی فەلەستینییەکان، چەند بەشیکی گرینگی وتارەکەی ناوبراویان پیك هینابوو. هەر لە لایەن ناوبراوەوە لیکدانەوەیەك لەسەر مەسەلە نیوخۆیییەکانی پیوەندیدار بە وڵاتی سوئیدو مەسەلە نیونەتەوەیییەکان پیشکەش بە بەشداران کرا. لە کاتژمیر ٤ تا ٦ی ئیوارەی هەمان رۆژ سالۆنی کۆنگرە بە تایبەتی ئامادە کرا بۆ هەیئەتەکانی خاریجی، نوینەرایەتیی حیزبەکان، دیپلۆماتەکان و کەسایەتییە دەولەتی و حیزبییەکان.

لەم کۆبوونەوەیەدا سەرەتا ئاغای ئینگڤار کارلسۆن، سەرۆك وەزیری پیشووی سوئید، گلۆبالیزم یان مەسەلەی بەجیهانیبوونی لە چەند لایەنەوە هینایە بەر باس و لیدوان و لەبارەی کاریگەریی ئەو رەوتە لەسەر چارەسەری مەسەلە گەورە سیاسییەکانی سەردەمی ئیستا دوا.

دواتر خانمی لینا ییلم والین، جیگری سەرۆك وەزیری سوئید، باسیکی لە روانگەی ئەنتیرناسیۆنالی سۆسیالیستەوە پیشکەش کرد. خانمی والین لە قسەکانی دا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەنتیرناسیۆنال لە هەموو جییەك خوازیاری پیوەندیی پتەوترە، هەم لە ئاستی نیونەتەوەییدا، هەم لە نیوان گەلان و هەم لە نیوان هاووڵاتیانی هەر وڵاتیك دا.

پاشان لە لایەن خانمی مای ئینگیر کلینگ وال، وەزیری پەنابەران، باسیك لەبارەی کیشەکانی جیهانی هاوچەرخ پیشکەش کرا. لەم باسەدا ئاماژە کرا بە کۆمەلگایەکی مرۆڤانەو دنیایەکی پڕ لە ئینساف و دادوەری. خانمی کلینگ وال پیی لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێ بە کردەوە بایەخیکی زیاتر بە مافی مرۆڤ و پاراستنی ئەو مافانە بدریت.

دوایین کەس کە لەو بەشەدا قسەی کرد، خانمی ئانا لیند، وەزیری کاروباری دەرەوەی سوئید بوو کە لە قسەکانی دا ئاماژەی بە ئەفغانستان و خەبات لە دژی تیرۆریزم کرد. ئەو پیی وابوو کە ئەو گرفتە بە بێ هاوکاریی نیونەتەوەیی مەحالە چارەسەر بکرێو چارەسەرنەکردنی ئەو رەوتەی بە هەرەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی جیهانی لە قەلەم دا.

پاشان لە لایەن میوانەکان و بەشدارانەوە کۆمەلیك پرسیار ئاراستەی ئەم چوار کەسە کران و لەسەر مەسەلە جیهانییەکان ئالوگۆری بیروڕا کرا. رۆژی سێشەممە، باس و وتوویژ لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان و بەرنامەو پیرەوی نیوخۆی حیزب کرا. بۆ ئەم مەبەستەش چەند کۆمیسیۆنی جیاواز پیك هینران، هەر کۆمیسیۆنەش ویرای باس و وتوویژ لەسەر ئەو بابەتانەی بۆی دیاری کرابوون، بۆچوونەکانی خۆی گەڵاڵە کرد بۆ کۆڕی کۆنگرە. لەو کۆنگرەیەدا چەند گەڵاڵەو پیشنیار هاتنە بەر باس و لیدوان. لەو پیشنیارانەدا ئاماژە بە وەزعی کورد لە وڵاتانی عیراق، تورکیەو پیشیلکرانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتانەدا و هەروەها باسی پیویستیی پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایشی کوردەکانی عیراق و پشتیوانی لە داخوازەکانی کوردەکانی تورکیە کرا. لە پیوەندی لەگەڵ ئیرانیش دا کۆنگرە بارودۆخی ئیرانی بە جیگای نیگەرانی داناو رەخنەی لە گیرانی بەکۆمەلی خەلك و ئەو دەستدریژیانەی بۆ سەر گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەکرین، گرت و داخستنی رۆژنامە جیابیرەکان و دژایەتیی کۆنەپاریزەکان دەگەڵ ریفۆرمخوازەکانی بە مەترسی دانا.

هەیئەتی نوینەرایەتیی حیزب لە ماوەی کاری کۆنگرەدا لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە هەیئەتەکانی نوینەرایەتیی حیزبەکان، کەسایەتییەکانی دەولەتی و حیزبی، چاوپیکەوتنی کردو لەبارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکانەوە ئالوگۆری بیرورای کرد. هیندیك لەوانە بریتی بوون لە بەریزان ئاغای یۆران پەرشۆن، سەرۆك وەزیری سوئید، خانمی ئانالیند، وەزیری کاروباری دەرەوەی سوئید، ئاغای ئینگڤار کارلسۆن سەرۆك وەزیری پیشووی سوئید، خانمی لینا ییلم والین، جیگری سەرۆك وەزیری سوئیدو خانمی مای ئینگیر، وەزیری پەنابەران.

لە ماوەی کاری کۆنگرەدا لە لایەن بەشی کوردیی رادیۆی دەنگی ئەمریکاو رادیۆ "زایەلە"، وتوویژی رادیۆیی لەگەڵ بەریزان خالید عەزیزی و حەسەن قارەمانی لەبارەی کاروباری ئەو کۆنگرەو هیندیك مەسەلەی دیکەوە، ئەنجام دران. ❋

## ئاگادارییەك

### لە کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ـ سوئیدەوە:

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ـ کومیتەی سوئید، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانیاریی خۆینەران و خوازیارانی فیربوون و فیرکردن بە زمانی کوردی و باش کەلك وەرگرتن لە دەستکەوتە بێ هاوتاکانی زانست، مالپەریکی بەم ناو نیشانە www.pdki-s.com کردۆتەوە. لەو پیوەندییەدا لە ئیوەی بەریز، وەك خاوەن بیرو نیشتمانپەروەریك داوا دەکا بە پیی تواناو هەستکردن بە بەرپرسایەتی لەو بوارەدا، وتاری سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، هونەری و ئەدەبی و تەنانەت وتاری دەروونناسییانەو هەر بابەتیکی بەکەلك، بۆ مالپەری کومیتەی حیزب لە سوئید بەرێ بکەن.

پیویستە رابگەیەنین کە بێ لەبەرچاو گرتنی هەلویستی سیاسی و ریبازی جۆراوجۆر، تەنیا لە بەر خزمەت بە زانست و بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی هاووڵاتیان، ئاواتە خوازین بە هاوکاریی خۆتان لەو بوارەدا وەلامی بەرپرسانەو دلسۆزانەمان بدەنەوە.

پیشەکی گەلیك سپاستان دەکەین!

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ـ کومیتەی سوئید**

**تیبینی:**

ئیمە لە پرۆگرامی پارس نگار کەلك وەردەگرین بۆ نووسینەکانی نیو مالپەرەکە. تکایە ئیوەش هەر ئەم پرۆگرامە بەکار بینن و بابەتەکان بە فایلی پارس نگار بۆ ئیمە بنیرن! بۆ وەدەس هینانی ئەم پرۆگرامە لە مالپەری خومانەوە لینکی بۆ کراوە.

ئەدرەسەکانی پیویست بۆ پیوەندی بەم مالپەرەوە:

www.pdki-s.com
e- mail: info@pdki s.com
Tel: 08- 53490953
Fax: 08- 53 490953

ئادریسی کومیتەی حیزب:

KDPI
BOX 7021
16407 Kista

# هەڵاواردنی بە ئەنقەستو پەرەپێدانی ناهاوسەنگ

هێمن . س

دەکرێ ناهاوئاهەنگیی هەڵدانی ئابووری وەک ڕاستییەکی جێی داخی پەرەپێدانی ئابووری لەم سەردەمەدا ناوبەرین کە ناهاوسەنگیی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییشی لێ کەوتۆتەوە. شوێنەوارە خراپەکانی ئەم جۆرە ناهاوسەنگییە کە بە زەقی لە بوارەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیی ئێران دا دەبینرێنو سەرەتاکەشی بۆ سەردەمی هاتنی تیکنۆلۆژی بۆ ئەم وڵاتە دەگەڕێتەوە، نەک هەر بەدوای ڕێژیمی پاشایەتی دا ئەم ڕەوتە کزنەبۆتەوە، بەڵکە زیاتریش پەرەی سەندوە. شوێنەوارە خراپەکانی ئەم ناهاوسەنگییەش بە پێداگرتن لە سەر کۆکردنەوەی توانا زانستیو تیکنیکییەکان لە "چەند جەمسەری بەهێزدا" پتر چڕبۆتەوەو وای کردوە کە ئەو ناوچانەی کەمتر گەشەیان کردوە، بکەونە ژێر ڕکێفی ئەو ناوەندە سەنعەتییانەو دەرەتانی گەشەکردنی ئاساییان لێ بەرتەسک بکرێتەوە.

بە سەرنجێکی سەرپێیی لە چۆنیەتی دابەشبوونی ناوەندە ئابوورییەکانی ئێرانو بەراوردکردنیان لەگەڵ شێوەی دابەشبوونی ئوستانەکان داو هەروەها بە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی حەشیمەتیی ناوچە جۆراوجۆرەکان، ناهاوسەنگیو نابەرابەریی دابەشبوونی ناوەندە سەرەکییەکانی ئابووریمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. بە جۆرێک کە بە ئاسانی دەتوانین بە سەر ناوچەکانی "پێشکەوتووو دواکەوتوو"، "سەنعەتیو ناسەنعەتی"و "خاوەن داهاتی زۆرو کەم داهات" داو هەر بەو پێیەش خاوەن پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی "مۆدێرنو سوننەتی" دا دابەشیان بکەین! ڕەنگە ئەم شێوە دابەشکردنانەش بۆ بەشە جیاجیاکانی وڵاتانی دیکە بەو ئاسانییە نەبێ.

ڕەنگە هێندێک ناوچە لەبەر نەبوونی هەلومەرجی لەبارو تواناو زەمینەی سەرەتاییو یان هەلومەرجی نالەباری ناوچەیی، بەگوێرەی پێویست دەرەتانی گەشەکردنیان بۆ نەڕەخسابێ. بەڵام لە حاڵێک دا کە کوردستانی ئێران خاوەنی سەرچاوەی سروشتیی دەوڵەمەندو زەویی پڕپیتی کشتوکاڵیو سەرچاوەی دەوڵەمەندی ئاوە بەوحاڵەش لەم ساڵانەی دواییدا نەک هەر لە باری ئابوورییەوە گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردوە بەڵکە لە چاو ڕابردوو ـ بەسەرنجدان بەهەڵدانی حەشیمەتو لە بەرەوکەوتنی ئابووریی دێهات ـ ئاستی ئابووریشی بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. لە دەورانی بە ناو ئاوەدانکردنەوەش دا، ئەگەر بۆ ڕازیکردنی بیروڕای گشتییش لە ناوەندە سەنعەتییەکانی دیکەی ئێران ـ لە پیناوی پەرەپێدانی ئابووری دا مانۆڕ دەدرا، بەرپرسانی ئەم ناوچانە نەک هەر پێویستیان بەم چەشنە مانۆڕانەش نەبوو، بەڵکوو بۆخۆیان بە ئەنقەست ئەو ناهاوسەنگیانەیان زیاتر پەرە پێ دەدا.

بە هاتنە سەرکاری خاتەمی لە ساڵی ۷۶داو تەبلیغاتی ناوبراو بۆ نەهێشتنی بێ بەشیو هێنانە گۆڕی دروشم گەلێکی وەک "ئێران بۆ گشت ئێرانییەکان"و "پەرەپێدانی هاوسەنگ"و . . . تروسکە هیوایەک بۆ باشتر بوونی وەزعی ئەم ناوچانە دەرکەوت. بەتایبەت کاتێک کە خاتەمی خۆی گازندەی لە دەست ناعەدالەتییەکانی دەورەکانی پێشوو هەبوو لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوەکانی دا مزگێنیی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسانی دەدا. ناوبراو لە قسەکانیدا لە ڕیورەسمی سوێند خواردنەکەی لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی (۷۶/۵/۱۳)دا بە ڕاشکاوی گوتی: "بۆ قەڵاچۆکردنی هەژاری دەبێ سەرجەمی کۆمەڵ هەژار نەبێو پەرەپێدانی گشت لایەنە بەردەوامو هاوسەنگ لە پێویستییە سەرەکییەکانی ئێمەیە". خاتەمی لە بۆنە جۆراوجۆرەکان دا ڕەخنەی بەکارهێنانی ویستی شەخسیو فەرقو جیاوازی دانان لە کارگێری (مدیریت)ەکانی پێشوو دەگرتو تەنانەت لە یەکێک لە وتارەکانی خۆی دا بە وردی ئەم چەشنە فەرقو جیاوازییانەی شی کردنەوەو گوتی: "پێشتر بە سەرنجدان بەوە کە سەلیقەکان چۆنیان ویستوە، یا کاربەدەستان چەندە قسەیان ڕۆیشتوە یا دەسەڵاتی کاربەدەستانی کام ئوستان پتر بووە، بودجەو ئیمکاناتی پتر بۆ ئەو ئوستانە تەرخان کراوە".

گەرچی تیکرای ئەم قسەو ڕەخنانە ـ لە سەرەتای هاتنەسەرکاری خاتەمی دا ـ دڵی هێندێک لە خەڵکی بێبەشی ئەم ناوچانەیان خۆش دەکرد، بەڵام بەداخەوە بە کردەوە پێچەوانەکەی دەرکەوتو لە ئاکامی بەردەوامبوونو جارلەگەڵ جار توندتر بوونی ڕێژیم لە سەر سیاسەتەکانی پێشووی خۆی، هیوای خەڵک جێی خۆی دا بە دڵساردیو ڕقی زیاتر لە حاکمییەت. خەڵکی کوردستان بە چاوی خۆیان قووڵتر بوونەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری کەلێنی ئابووریی نێوان ناوچەکانی خۆیانو ناوەندە سەنعەتییەکانی دیکەی ئێرانیان دەدی. ئەم کەلێنانە لە کاتی دیاریکردنی بودجەی ساڵانەو تەرخان کردنی بودجەیەکی زۆر بۆ ناوەندە سەنعەتییەکان دا پتر ئاشکرا دەبوون. تەنانەت کاربەدەستان لە سەردانە ڕەسمییەکانی خۆیان دا بۆ ئەو ناوەندە سەنعەتییانەو لە کاتی کردنەوەی پرۆژە جۆراوجۆرەکان داو تەرخان کردنی بودجەی تایبەت بۆ ئەو شوێنانە، پتر لە پێشوو پەرەیان بەم چەشنە فەرقو جیاوازییانە دەدا. سەفەری ئەم دواییانەی خامنەیی بۆ ئیسفەهانو تەرخانکردنی بودجە بۆ سەدان پرۆژە نموونەیەکی ئاشکرای ئەم چەشنە کردەوانەیە.

ئیسفەهان هەر لە کۆنەوە یەکێک بووە لە ناوەندە ئابوورییەکانی ئێرانو بە سەرنجدان بەو مەسەلەیە کە بەشێک لە بودجەی هەر ئوستانێک لە ڕێی داهاتی یەکە گەورە ئابوورییەکانو کارخانەکانی ئەو ئوستانەوە دابین دەکرێ، هەمیشە خەڵکەکەی ـ لە چاو خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران ـ باری گوزەرانیان باشتر بووە، ئابووریی کوردستان بەو چەند ناوەندە سەنعەتییە کە لە قامکەکانی دەست تێناپەڕنو هەروەها کەڵک وەرنەگرتن لە زەوییە کشتوکاڵییەکان لەچاو ئابووریی ئیسفەهان دا کە پتر لە ۵۰۰۰ یەکەی سەنعەتیی تێدایەو خاوەنی ۲۶۹ شارو شارۆچکەی سەنعەتیو هەروەها لە ۵۳۳ هەزار هێکتار لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەڵک وەردەگیرێ، بەو پێیە دەبێ بڵێین کوردستان لەباری مەوقیعییەتی ئابوورییەوە وەزعێکی زۆر خراپی هەیە. بە پێی قسەی کاربەدەستانی ئوستانی ئیسفەهان، ئەم ئوستانە ۶۵٪ پۆڵای نیوخۆ (وەک سەنعەتی بنچینەیی)و هەروەها ۹۰٪ بەن (الیاف)ی وڵات بەرهەم دینێ. (۲)

لە سەفەری خامنەیی بۆ ئیسفەهان، پێشانگایەک بۆ بەرهەمەکانی ئەم ئوستانە بەبەشداریی ۱۳۰ شیرکەتی دەوڵەتیو تایبەتیو هەروەها "تعاونی" لە بەشە جۆراوجۆرەکانی سەنعەتە بنچینەیییەکان دا، سەنعەتی پولیمێری، مەوادی مەعدەنی، بەردە ڕازینەرەکان، مەوادی خۆراکیو کشتوکاڵیو سەنعەتە دەستییەکان کرابۆوە کە تواناکانی ئەم ئوستانەی پێشان دەدا. سەرەڕای سەرجەم ئەو ئیمکاناتو توانایانەو لە هەلومەرجێک دا کە ناوچە بێبەشەکانی دیکە لە نەبوونی لانیکەمی ـ ناوەندە گشتییەکانیش (وەک ناوەندی دەرمانی، فەرهەنگی، کتێبخانەو کەرەستە سەرەتاییەو وەرزشییەکان) بێبەشن، ڕاگەیەندرا ←

کە لەم سەفەرەدا بودجەی پیویست بۆ جیبەجی‌کردنی ۲۲ پرۆژەی فەرهەنگی، دروست کردنی ۱۰ کتیبخانەی گشتی، ۲۵ سالۆنی وەرزشی، ۱۳ مەیدانی وەرزشی، ۱۰ ئەستیل (استخر)ی مەلە کردن، ۷۵ کیلو میتر کانالی ئاو، ۳۰ ئەستیلی پاشەکەوتکردنی ئاو، ۱۰ شارۆچکەی سەنعەتی، دروست کردنی ۳۰ ناوەندی دەرمانیو و هەروەها دروست کردنی ۱۰۰۰ خانوو بۆ هەژاران پەسەند کرا! (۳)

هاوکات بوونی پەسەندکرانی ئەم گەلالانەو لە گەلّ پیداگرتنی خامەنەیی لە سەر جیبەجی کردنی خیرای ئەوان، لە گەل هیندیك لە قسەو ئیددیعای بەرپرسانی ریژیم لە پیوەندی لە گەل کوردستان دا زۆر جیگای سەرنجن. هاوکات لە گەل قسەکانی خامەنەیی کە بە تەئکیدەوە دەیگوت: "دەبێ ئەم پرۆژانە لە کەمترین ماوەدا جیبەجێ بکرین تا خەلك بە زوویی بەرهەمی ئەم پرۆژانە ببینن" و ماوەی دوو سالو شەش مانگی بۆ جیبەجی کردنی تەواوی ئەو پرۆژانە دیاری کرابوو.

خاتەمی لە تاران چاوی بە نوینەرانی ناوچە کوردنشینەکان لە مەجلیس دا کەوتو داوای لی کردن لە سەرەخۆو خۆراگرو لە بەرامبەر هەرەشەکان دا وشیار بن. سەرنج راکیش ئەوەیە کە یەکیك لە هۆیەکانی نارەزایەتیی نوینەرانی ئوستانی کوردستان، دانانی کەسیکی غەیری کورد بۆ پۆستی ئوستانداریی ئوستانی کوردستانە کە بۆ خۆی دانی بە ناشارەزایی خۆی لە تایبەتمەندییەکانی کوردستان داناوە، بەلام ئەم ئیعترازەی نوینەرانی مەجلیس لە لایەن "لاری" وەزیری نیوخۆی ریژیمەوە بە قەوم گەرایی و "دروستکردنی سنووری خەیالی" لە قەلەم دراوە. ئەوە لە حالیك دا بوو کە هەیئەتی دەولەت لە ریورەسمی ناساندنی ئوستاندرای تازەی ئازەربایجانی رۆژهەلات دا، دانانی کەسیکی خۆولاتی (بومی) (سبحان اللهی) کە بە تەواوی شارەزای کیشەو گیروگرفتەکانی ئەو ئوستانەیەو بۆ ماوەی چوار دەورە نوینەرایەتیی تەوریز لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی دا بووە، وەك یەکیك لە خالە بەهیزەکانی ناوبراو لە قەلەم دا!

هەر دوو رۆژ پاش قسەکانی خامەنەیی ـ بۆ خەلکی ئیسفەهان ـ و پیداگرتن لە سەر "راگەیشتن بە کاری ئاوەدانی تا ئەوپەری خۆی"، یوونسی وەزیری ئیتیلاعاتی ریژیم لە سنەدا ئیددیعای کرد کە بۆ کوردستان "وەگەرخستنی سەرمایەی مەعنەوی" پیویستە تا باشتر زەمینە بۆ وەگەرخستنی سەرمایەی ماددی خۆش بکرێ. (٤)

لە حالیك دا کە ئوستانی کرمانشان یەکیك لە سەرچاوە دەولەمەندەکانی ئاوی ئیرانە، سالانە ۷/۵ میلیارد میتری سێجا ئاو بە فیرۆ دەچێو هیچ چەشنە هەنگاویك بۆ کەلك وەرگرتن لەو ئاوە هەل ناگیرێ. "بی‌تەرەف" وەزیری وزەی ریژیم، رووی دەمی دەکاتە خامەنەییو دەلێ کە بۆ چارەسەرکردنی کیشەی کەم ئاویی زایەندە روود چەندین تونیلی گەورە(تونیلی سیهەمی کووهرەنگ، تونیلی چیشمەلەنگان، تونیلی گووکانو تونیلی بەهەشت ئاباد) دروست دەکرین تا ۲/۲ میلیارد میتری سێجا ئاو بۆ ناوچەکە بهینرێو تا گۆرانکارییەکی بەرچاو لە ئاوی ئەو ئوستانەدا پیك بێ. (۵) لە هەمووی سەرنج راکیشتر ئەوەیە کە تەنیا دوو رۆژ دواتر، هەوالی راگەیاندنی بەرنامەی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە بە پیی کات، لە کرماشان لە چاپەمەنییەکان دا بلاودەکریتەوە. (٦)

خامەنەیی لە چاوپیکەوتنی لە گەلّ بژاردە (نخبە) زانستیەکانی ئوستانی ئیسفەهان دا بریار دەدا بودجەیەکی زیاتر بۆ لیکۆلینەوەی زیاتر لە زانستگاکان دا تەرخان بکرێ. کەچی راست لەو رۆژەدا بەرپرسی زانکۆی ئیلام رادەگەیەنێ کە بە هۆی نەبوونی بودجەی پیویست، ناتوانین ئەرکەکانی خۆمان جیبەجێ بکەین، بە جۆریك کە زانکۆی علوومی پزیشکیی ئەو ئوستانە ۲۰ میلیارد ریال کەسریی بودجەی هیناوە! (۷)

لە سەردانی خامەنەیی بۆ (مجتمع)ی فوولادی موبارەکە ـ کە پاش شۆرش دروست کراوەو لە سالی ۷۲دا وەك گەورەترین یەکەی سەنعەتیی ولات کەوتۆتە بەرهەمهینان ـ بریار لەسەر زیاد بوونی ریژەی بەرهەمەکەی لە سێ میلیۆن تۆنەوە بۆ چوار میلیۆن تۆن درا. لە حالیك دا چەندین سالّ پاش دروست کردنی کارخانەی تواندنەوەی ئاسنی کوردستان، تەنیا ئالوگۆریك کە تیی دا پیك دەهینرێ، بردنی کارخانەکە بۆ دەوروبەری هەمەدانو گۆرینی ناوەکەی لە کارخانەی تواندنەوەی ئاسنی کوردستانەوە بۆ کارخانەی ئاسن تواندنەوەی رۆژئاوای ولاتە.

هەموو ئەو نموونانەی ئاماژەیان پێ کرا تەنیا بەشیکی زۆر کەم لە فەرقو جیاوازییە زۆرو زەوەندەکان بە نیسبەت ناوچە جۆراوجۆرەکانی ولاتو پەرەگرتنی زیاتری ناهاوسەنگیی گەشەی ئابووریو کۆمەلایەتیی ئەم ناوچانەن کە لە ماوەی سەردانەکەی خامەنەیی‌دا بۆ ئوستانی ئیسفەهان پتر وەدەرکەوتن. دیارە خەلکی ناوچە بێ بەشەکان لە هەلگیرانی هەرچەشنە هەنگاویك بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی دیکەی ئیران پر بەدلّ خۆشحالّ دەبنو لەو باوەرەدا نین کە ویستەکانی ئەوان بە لەبیر بردنەوەو بێ بەش کردنی ناوچە بایەخ پیدراوەکان دینە دی. بەلام جیبەجێ کردنی ئەم چەشنە سیاسەتانە، بەرژەوەندییە دریژخایەنەکانی ناوەندە سەنعەتییەکانیش لە مەترسی دەخا. کۆچی بەربلاوی هیزی کار بەرەو ئەو ناوەندانە، پەرەسەندنی ئیشە بێ بەرهەمەکان (کاذب) لە بەشی خزمەتە گشتییەکان داو هەروەها پەرەگرتنی گەرەکە هەژارنشینەکانی قەراخ شارەکان (بە هۆی ئەو کریکارانەوە کە خەلکی ئەوێ نینو لە شوینی دیکەرا هاتوون)، داوینی ناوەندە سەنعەتییەکانیش دەگریتەوە. بۆیە پیویستە کە شارەزایانو پسپۆرانو رووناکبیرانی ئەو ناوەندانە ـ ویرای هەست کردن بەم راستییانەو بایەخ پیدانیان ـ هاودەنگ لەگەلّ هاونیشتمانە بێ بەشەکانمان لە پیناوی جیگیر بوونی دادپەروەریی کۆمەلایەتیو ئابووری دا تێبکۆشنو سیاسەتەکانی ریژیم لەم پیوەندییەدا لەقاو بدەن.

❋

**سەرچاوەکان:**

١ـ قسەکانی خاتەمی لە شوورای ئیداریی ئوستانی "چهارمحال بختیاری"دا (١٣٧٧/٤/١٤)
٢ـ رۆژنانەی "همبستگی"، ١٤ی خەزەلوەری ١٣٨٠
٣ـ رۆژنامەی "جام جم"، ١٥ی خەزەلوەری ١٣٨٠
٤ـ رۆژنامەی "حیات نو"، ١٧ی خەزەلوەری ١٣٨٠
٥ـ رۆژنامەی "حیات نو"، ١٥ی خەزەلوەری ١٣٨٠
٦ـ سەرچاوەی ژمارە٤
٧ـ سەرچاوەی ژمارە٢

**رادیۆ دەنگی کوردستانی ئیران هەموو رۆژێ:**

**بەیانیان سەعات ۷ تا ۹**
**ئیواران سەعات ۷/۵ تا ۹/۵**
**بەکاتی تاران**

**لەسەر شەپۆلی کورتی ۷۵ میتر (فریکانسی ۳۹۸۵ کیلۆهیرتز) بە دوو زمانی کوردیو فارسی بەرنامە بلاو دەکاتەوە.**

# موحاکەمەکرانی تیکۆشەرانی "نهضت آزادی ایران"

*درێژەی دوالاپەڕە*

لە دەیەی حەفتای هەتاویدا "نهضت آزادی ایران" وردە وردە پەرەی بە تیکۆشانی خۆی دایەوە. بە تایبەتی دوای ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦و هاتنە سەرکاری محەممەدی خاتەمی لەگەڵ چەندین کەسایەتیی سیاسی دیکە تا رادەیەك دەرفەتی تیکۆشانیان بۆ پیك هات. ئەو تەیفە کە بە میللی ـ مەزهەبییەکان ناوبانگیان دەرکردو بروایان لە پیش دا بە ئیرانی بوونو پاشان بە ئیسلامی بوون هەیە. بە قوولبوونەوەی کیشەی نیوان قۆلی موحافیزەکار(دەسەلاتداری ئەسلیی ریژیم)و قۆلی ریفورمخوازو پشتیوانی کردنیان لە ریفورمخوازەکان زۆر جار کەوتوونە بەر هیرشی موحافیزەکارەکان. دوایین هیرشی بەربڵاوی ریژیم بە هۆی دەزگای قەزاییەوە بۆ سەر میللی ـ مەزهەبییەکان بە تایبەتی ریکخراوی "نهضت آزادی" لە سەرەتاکانی ئەم ساڵ دا بوو. موحافیزەکاران لەو هیرشانەدا ویرای قەدەغە کردنی تیکۆشانی ئەم ریکخراوەیەو غەیرە قانوونی راگەیاندنی، دەیان کەس لە ریبەرانو تیکۆشەرانی ئەوانیان لە تارانو سەرانسەری وڵات دا،گرتو رەوانەی زیندانەکانیان کردنو جوابی نارەزایەتیی بیروڕای گشتیی دەرەوەو نیوخۆو تەنانەت رەخنەی سەرکۆمار محەممەد خاتەمیشیان نەدایەوە. ئەم هەنگاوە تۆڵە ئەستینانەیەی کۆنەپاریزانی ریژیم لە دژی ئەم تیکۆشەرانە سەبارەت بە نەخشی بەرچاوی ئەوان لە پشتیوانی کردنو سەرکەوتنی کاندیداکانی سەر بە ریفورمخوازەکان لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەم دا لە لایەكو هەڵبژاردنی سەرکۆماریدابوو.

گرتنو موحاکەمە کردنی میللی ـ مەزهەبییەکان بە روالەت بە تاوانی سووکایەتی بە ئیسلام، هەرەشە بۆ سەر ئەمنییەتی میللیو هەولدان بۆ رووخاندنی ریژیم بەریوە دەچێ. لەم دوایانەدا تاوانی "پیوەندی گرتن بە تاقمەکانی دژی شۆرش" شیان بۆ زیاد بووە. ئەگەرچی هیچ بەلگەیەکیان لە پیوەندی لەگەڵ هەولی میللی ـ مەزهەبییەکان بۆ رووخاندنی ریژیم پیشان نەداوە. موحافیزەکارەکان لەو موحاکەمە کردنەدا بە دوای هیندیك مەرامو مەبەست لە پیوەندی لەگەڵ کیشەی نیوخۆدا بە تایبەتی رقەبەرایەتی لەگەڵ قۆلی ریفورمخوازدا دەگەرین.

ئەم موحاکەمانە لە کاتیك دا دەستیان پێ کرد کە محەممەدی خاتەمی بۆ بەشداری لە کۆری گشتیی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا سەفەری نیویۆرکی کردبوو. قسەکانی خاتەمی لە بارەی وتوویژی شارستانەییەکان لەو سەفەرەدا و موحاکەمەکرانی ژمارەیەکی بەرچاو لە تیکۆشەرانی سیاسی لە نیو خۆی ئیران دا کە قانوونی ئەساسیی ئەو ریژیمەشیان قەبوولە لەیەك کات دا، نیشانەی بێدەسەڵاتیی خاتەمی لەوەدیهینانی ئەو قسەو دروشمانە دان کە چەند سالە هەلی گرتوونو بەلینی وەدیهینانی بە خەلكو دنیای دەرەوە داوە. موحافیزکارانیش هەر راست بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیە موحاکەمەکانیان هاوکات لەگەڵ سەفەری ناوبراودا دەست پێ کرد. جگە لەمەش ریژیم سەبارەت بە ترسو نیگەرانیی زۆر لە هەلسووران و تیکۆشانی ئەوان دەیەوێ روالەتیکی قانوونی بدا بە زیندانی کردن، دوور خستنەوەو یان قەدەغە کردنی تیکۆشانی سیاسییان. هەر بۆیەش ئەو تاوانە قورسانەی داونە پاڵ تا ریگە بۆ ئەو مەبەستانەی خۆی خۆش بکا. چاوترسین کردنی رەخنەگرانو جیا بیرانی دیکەش بەشیکی دیکە لە ئامانجەکانی موحافیزەکارەکانە لەم پیوەندییەدا.

موحاکەمەی تیکۆشەرانی "نهضت آزادی ایران" لە حالیك دا بەریوەدەچێ کە دەزگا تەبلیغاتییەکانی ریژیم بە هەموو توانایانەوە لە دژی ئەمانە دەدوینو بیرو بۆچوونەکانی ریژیم لەم پیوەندییەدا بلاو دەکەنەوە. بەلام ئەوان لە پشت دەرگای داخراوی بەناو دادگادا تەنانەت تریبوونی دادگاشیان بۆ راگەیاندنی دیفاعیاتی خۆیان لە بەردەست دانیە.

موحاکەمە لە پشت دەرگای داخراودا بە بیانووی پاراستنی ئەمنییەتو ئاسایشی کۆمەل، نیشانەی ترسی ریژیم لە قسەو بیرو بۆچوونەکانی بە ناو تاوانبارانە کە لە دیفاع لە خۆیان دا باسیان دەکەن. ئەگەر موحاکەمەکە بە ئاشکراو بە ئامادە بوونی هەوالنیران بەریوە چووبا نەك ئاسایشو ئەمنییەتی کۆمەڵ بەلکوو ئەمنییەتو ئاسایشی ریژیم دەکەوتە مەترسییەوەو ئەم ریژیمە زیاتر ئیعتیباری لە دەست دەدا.

ئەم جۆرە موحاکەمە کردنانە لە بیدادگاکانی ریژیم دا بێ دەسەڵاتیی خاتەمی دەسەلمینو بێ پایە بوونی چاوەروانیی هەر چەشنە گۆرانیکی بنەرەتی لە چوار چیوەی ئەو ریژیمەدا دەردەخەن بەڵام ناتوانن پاشەکشە بە تیکۆشەرانی ریگەی ئازادی بکەنو ببنە هۆی چاوترسین کردنی کۆمەلانی هەراوی خەلك. ئەم موحاکەمانە بەر لە هەموو شتیك دەبنە هۆی بێ ئیعتیباریو سەلماندنی گوێ لە مستیی بە ناو دادگاکان لە لای بیرو رای دەرەوەو نیوخۆوە.

***

## هەوالەکانی کوردستان

### شنۆ

رۆژی ٢ی خەزەلوەر هیزە چەکدارەکانی ریژیم لە کویستانەکانی کیلەشین کەسیکی کاسبکار بەناوی یووسف جەلیل نژاد کوری باقی ناسراو بە یوسفی رەحمانی حاجیان گرتو پاش ئەوەی بێحورمەتیو سووکایەتییەکی زۆریان پێکرد، دایانە بەر دەسر یژو کوشتیانو کەلو پەلەکانیشیان بەتالان برد.

دوای بلاوبوونەوەی ئەو هەواله، ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی شاری شنۆ بەنیشانەی نارەزایەتی لەو کردەوە جینایەتکارانەیەی هیزە چەکدارەکانی ریژیم خۆپیشاندانیکیان ساز کردو بەدانی دروشمی دژی ریژیم خۆیان گەیاندە بەر دەرگای بنکەی هیزی ئینتیزامیو فەرمانداریو دەرگاو پەنجەرەکانی فەرمانداریيان شکاند. هیزەکانی ریژیم کە هەستیان بە توورەییو نەفرەتو بیزاری خەلك لە خۆیانو ریژیمەکەیان کردبوو، بۆپیشگیری لە تەقینەوەی ئەو توورەییە دژکردەوەیەکی توندیان لە خۆیان نیشان نەدا. خۆپیشاندانەکە دوای یەك سەعات کۆتایی پێ هات.

### مەریوان

ماوەیەك لەمەوبەر هیزە ئینتیزامییەکانی ریژیم لە سنووری "بناوەسووتە" چەند ماشینی بارهەلگریان کە لە سنوورەوە باری کاسبکارانیان دەگواستەوە، دایە بەر دەسر یژ. لە ئاکام دا دوو کەس کە هەردووکیان شۆفیر بوون بریندار بوون. پاش ئەم رووداوە هیزەکانی ریژیم چەند کەس لە کاسبکارەکانیان گرتو پاش ئەزیەتو ئازاریکی زۆرو دەسبەسەرداگرتنی کەلوپەلەکانیان ئازادیان کردن. شیاوی باسە برینداره‌کانی ئەو رووداوە بۆ چارەسەرکران رەوانەی شاری سلیمانی کراون.

### سەردەشت

رۆژی ٨٠/٧/٢٧ کەسیك بەناوی محەممەد حوسین کالانیخەلکی گوندی ئالوەتانی سەردەشت لە حالی هاتن بۆسەر سنوور بەمەبەستی کاروکاسپی، لە دەشتی وەزنێ لەلایەن هیزەچەکدارەکانی ریژیمەوە تەقەی لی کراو کوژرا.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of
Democratic Party of Iranian Kurdistan

No:329 21 Nov 2001



لە دەرەوەی وڵات بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ ڕۆژنامەی
**"کوردستان"**
لەگەڵ ئەم ئادریسەی خوارەوە پێوەندی بگرن:

AFK
B.P. 102- 75623 PARIS
CEDEX 13- FRANCE
Tel. 0033145856431, Fax. 0033145852093


## موحاکەمەکرانی تێکۆشەرانی "نهضت آزادی ایران"

م. مەعروفی

ڕۆژی ٢٠ی خەزەڵوەر یەکەم جەلەسەی موحاکەمەی ٣١ کەس لەتێکۆشەرانی سەر بە ڕێکخراوی "نهضت آزادی" دوای نزیکەی ٨ مانگ چاوەڕوان هێشتنەوەو ئەشکەنجەی ڕۆحیو جیسمی لە زیندانەکان دا، لە شوعبەی ژمارە ٢١ی دادگای شۆڕش دا لە تاران بەڕێوە چوو. موحاکەمەی ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی "نهضت آزادی" لە پشت دەرگای داخراوو بە دوور لە چاوی هەواڵنێرەکان، ڕۆژنامەنووسانو بنەماڵەی ئەو تێکۆشەرانە بە بێ ئامادە بوونی "هیأت منصفه" بەڕێوە چوو. مەئموورانی بە ناو دادگای شۆڕش تەنانەت نەیان هێشت لە پشت دەرگاو دەوروبەری شوێنی موحاکەمە کردنەکەش دا کەس چاوەڕوان وەمێنێ. ئەو کەسانەی کە ئێستا موحاکەمە دەکرێن لە ڕێبەرانو هەڵسووڕێنەرانی ڕێکخراوی "نهضت آزادی ایران"ن کە ڕابردووی تێکۆشانی سیاسییان بۆ سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی دەگەڕێتەوە. ئەوان بە تایبەتی لە دامەزراندنی "نهضت آزادی ایران" بە ڕێبەرایەتیی موهەندیس بازرگان لە ساڵی ١٣٤٠(١٩٦١)دا تێکۆشانی خۆیان زیاتر پەرە پێداو لە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیو سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دا بەشداریی بەرچاویان هەبوو. لە پێکهێنانی دەوڵەتی کاتی بە دوای سەرکەوتنی شۆڕش دا نەخشی سەرەکییان هەبووو بازرگان وەك سەرۆکی دەوڵەتی کاتی دیاری کرا. بەڵام پاش داگیر کرانی سەفارەتی ئەمریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دا و کارشکێنیی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان، ناوبراو دەستی لە کار کێشایەوەو دەوڵەتەکەی هەڵ وەشایەوە. ئەندامانو ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە وردە وردە لە پۆستو بەرپرسایەتیی ناوەندو ئیدارە حکومەتییەکان وەلانرانو لە لایەن ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووەوە پشت گوێ خران.

"نهضت آزادی" سەرەرای ئەمانەو گرتنە پێشی سیاسەتی سەرکوتو کوشتو کوشتاری موخالیفان لەلایەن ڕێژیمەوەو هێرش بۆ سەر گەلانی ئێرانو حیزبو ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازو دێموکراتیکەکان، ئەو ڕێژیمەو قانوونی ئەساسییەکەی قبوول کرد. لە کونگرەی ساڵی ١٣٦٣ی خۆی دا ڕای گەیاند کە ڕووخێنەر نین، واتە نایانەوێ ڕێژیم بڕووخێننو بڕوایان بە تێکۆشانی سیاسی لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیی ئەو ڕێژیمەدا هەیە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەسلەکانی ئەو قانوونەدا بە تایبەتی لەگەڵ ئەسڵی "ولایت فقیه" موافیق نینو ئەو ئەسڵەیان ڕەت کردووەتەوە.



## مەرگی هاوڕێیەکی حیزبی لە ڕووداوێکی دڵتەزێن دا

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٠، دەستەیەك لە هاوڕێیانی بەشی فیلمی کۆمیسیۆنی فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حیزب بە مەبەستی هەڵگرتنەوەی فیلمێك لەبارەی حەماسەیەکی هێزی پێشمەرگە، چوون بۆ سەر زێی گەورە لە کاتی هەڵگرتنەوەی یەکێك لە دیمەنەکان دا ـ کە بریتی بوو لە خۆفڕێدان لە بەرزایییەوە بۆ نێو ئاو ـ هاوڕێی پێشمەرگە مێهدی ئەحمەدی لە گۆمێك دا خنکاو گیانی لە دەست دا.

هاوڕێی جوانەمەرگ "مێهدی ئەحمەدی" ساڵی ١٣٥٩ لە گوندی "سوورەتوو"ی هەورامانی تەخت لەدایك ببوو. ماوەی ساڵێك بوو هاتبووە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب و بە دڵگەرمیو ئۆگرییەکی تایبەتییەوە خەریکی جێبەجێ کردنی ئەرکە پیرۆزەکانی بوو. مەرگی ئەو لاوە بە هەست و دڵسۆزە بە هۆی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەوە بووە هۆی نارەحەتی و پەژارەی هاوکاران و هاوڕێیانی. هەر بەو بۆنەیەوە ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٨٠، بە بەشداریی ئەندامانی بەڕێزی ڕێبەریی حیزب و ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە ئۆرگان و بەشە جۆراوجۆرەکان، ڕێوڕەسمێکی پرسەو سەرەخۆشی لە یەکێك لە بنکەکان بەڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا بەڕێز کاك کاوەی بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و هاوڕێ فەرهاد ئەرشەدی لە بەشی فیلمی حیزب لەبارەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەو کەسایەتیی هاوڕێی جوانەمەرگ "مهدی احمدی" قسەیان بۆ بەشداران کرد. هاوڕێ "کەمال مەریوانی"یش بە خوێندنەوەی شێعرێك هەستی خۆی بەرامبەر بە مەرگی ئەو لاوە دڵسۆزو خاوەن هەستە دەربڕی.

دەستەی نووسەران و کارگێڕانی "کوردستان" بە بۆنەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەوە، سەرەخۆشیی گەرمی خۆیان پێشکێشی بنەماڵەی بەڕێزو هەموو هاوڕێیانی هاوڕێی لە دەستچوو "مهدی احمدی" دەکەن و خۆیان لە خەم و پەژارەیان دا بە هاوبەش دەزانن.


**سایتی "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و چاپەمەنیی دیکەی حیزب لەسەر ئینتێرنێت:**

www.kurdistanmedia.com
e- mail: kurdistanmedia@yahoo.com




**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**